# زانستنامەی فەلسەفە

وەشانی پی.دی.ئێفی وتاری

# مافەکانی مرۆڤ


نووسەر: جەیمز نیکێڵ و ئادام ئەتینسۆن

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

هەڵەچنی: ئەروەند سالاری



نیکێڵ، جەیمز؛ سئەتینسۆن، ئادام. «مافەکانی مرۆڤ». *زانستنامەی فەلسەفە* (زستانی ٢٠٢٥). ئەروەند سالاری (وەرگێڕ). بەستەر = <https://zanistname.com/ck/entries/human-rights/>.

ناونیشانی وتاری ماک لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرد*دا:

Nickel, James and Adam Etinson, “Human Rights”, *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Fall 2024 Edition), Edward N. Zalta & Uri Nodelman (eds.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/fall2024/entries/rights-human/>.

پەڕبەندی: ئەروەند سالاری



سەرجەم مافی ئەم بەرهەمە بۆ *زانستنامەی فەلسەفە* پارێزراوە

https://zanistname.com/

# مافەکانی مرۆڤ

جەیمز نیکێڵ و ئادام ئەتینسۆن

وەرگێڕ: ئەروەند سالاری

مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵە پێودانگێکن کە بەو مەبەستە هاتوونەتە ئاراوە کە هەموو خەڵک لە هەر شوێنێک بن لە هەمبەر کەڵکاوەژووی قووڵی سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتی بپارێزن. مافی ئازادیی ئایین، مافی بەهرەمەندبوون لە دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە حاڵەتی تۆمەتباربوون بە تاوانێک، مافی پارێزراوبوون لە ئەشکەنجەدان و مافی پەروەردە چەند نموونە لە مافەکانی مرۆڤن. فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ دەپەرژێتە سەر پرسیارگەلێک سەبارەت بە هەبوون، ناوەرۆک، سروشت، گشتگیرێتی، پاساودان و دۆخی یاسایی مافەکانی مرۆڤ. ئەو بانگەشە بەهێزانەی زۆربەی کات بە ناوی مافەکانی مرۆڤەوە دەخرێنە ڕوو (بۆ نموونە ئەوەی کە ئەم مافانە گشتگیر، مسۆگەر و ڕانەگوێزراون یان سەربەخۆ لە تێپەڕاندنی یاسایی، وەک نۆرمگەلێکی ئەخلاقیی پاساودراو بوونیان هەیە)، بەردەوام ورووژاندنی شک و گومان و لایەنگریی فەلسەفیی پێچەوانەی لێ کەوتووەتەوە (بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر ئەم گومانانە بڕوانە Lacroix & Pranchère 2016; Mutua 2002; and Waldron 1987). تێڕامان لەم گومانانە و ئەو وەڵامانەی کە دەکرێت پێیان بدرێتەوە بووەتە لقێکی فەلسەفەی سیاسی و یاسایی و گەلێک سەرچاوە و بەرهەمی توێژینەوە لەم بوارەدا بەردەستە (بڕوانە بەشی ژێدەرەکانی کۆتایی ئەم وتارە). ئەم وتارە دەپەرژێتە سەر باسی چەمکی مافەکانی مرۆڤ، بوون و بنچینەکانی مافەکانی مرۆڤ، ئەو پرسیارەی کە کام مافانە مافەکانی مرۆڤن و ڕێژەییگەرایی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ.

- ١. بیرۆکەی گشتیی مافەکانی مرۆڤ
- ٢. بوون و بنچینەکانی مافەکانی مرۆڤ
  - ١.٢. چلۆن دەکرێت مافەکانی مرۆڤ هەبن؟

- ٢.٢. پاساوەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ
- ٣. کام مافانە مافەکانی مرۆڤن؟
  - ١.٣. مافە مەدەنی و سیاسییەکان
  - ٢.٣. مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان
  - ٣.٣. مافەکانی مرۆڤی ئافرەتان، کەمینەکان و گرووپەکان
  - ٤.٣. مافە نوێیەکانی مرۆڤ
- ٤. مافە جیهانییەکانی مرۆڤ لە جیهانێکی تەژی لە بیروباوەڕ و ڕەوتی فرەچەشندا
- ژێدەرەکان
  - A. کتێب و وتارەکانی بواری فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ
  - B. ڕاگەیەندراوە یاساییەکان
- ژێدەرەکانی تری سەر تۆڕی ئینتەرنێت


## ١. بیرۆکەی گشتیی مافەکانی مرۆڤ

ئەم بەشە هەوڵ دەدات بە پێناسەکردنی چوار تایبەتمەندیی دیاریکەر، بیرۆکەی گشتیی مافەکانی مرۆڤ ڕوون بکاتەوە. ئامانجی ئەم بەشە ئەوەیە کە بە ڕاڤەی چەمکەکە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە مافی مرۆڤ چییە، نەک ئەوەی کە تەنیا پێرستێک لە مافی تایبەت ڕیز بکات. دوو کەس تەنانەت ئەگەر سەبارەت بەوەی کە کامە مافانە بەڕاستی مافەکانی مرۆڤن و تەنانەت لەمەڕ وەڵامی ئەم پرسیارە کە ئاخۆ مافە گشتگیرەکانی مرۆڤ بیرۆکەیەکی باشە یاخود نا ناکۆک بن و هاوڕا نەبن، دەتوانن بیرۆکەیەکی گشتیی وەکیەکیان لە مافەکانی مرۆڤ هەبێت. ئەم ڕوونکردنەوە چوار بەشییەی لە خوارەوە دێت هەوڵ دەدات هەموو جۆرەکانی مافەکانی مرۆڤ لە خۆ بگرێت، لەوانە هەر دوو مافی مرۆڤی ئەخلاقی و یاسایی، و هەروەها مافە کۆن و نوێیەکانی مرۆڤ (بۆ نموونە هەر دوو مافە سروشتییەکانی لۆک و مافە هاوچەرخەکانی مرۆڤ). هاوکات لە ڕوونکردنەوەکەدا ئەمە چاوەڕوان کراوە کە هەر یەک لە جۆرە دیاریکراوەکانی مافەکانی مرۆڤ تایبەتمەندیی زیادەی خۆی هەبێت. دەستپێکردنی باسەکە بەم چەمکە گشتییە دەروەستمان ناکات کە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی مافەکانی مرۆڤ تەنیا بە تاکە بیردۆزێکی یەکگرتوو هەڵسوکەوت بکەین (بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر ئەم ئارگیومێنتە کە نابێ هەوڵ بدەین مافە

گشتگیرە ئەخلاقییەکان و مافە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ پێکەوە تیۆریزە بکەین، بڕوانە Buchanan 2013).

*مافەکانی مرۆڤ مافن.* نەکا هۆشمان بە شتە ڕوون و دیارەکانەوە نەبێت، مافەکانی مرۆڤ مافن (بڕوانە Cruft 2012 و وتاری «مافەکان» لە ئینسـایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرددا). مافەکان تیشک دەخەنە سـەر ئازادی، پاراستن، پێگە و ڕەوش، پارێزراوی یان بەرژەوەندی بۆ مافهەڵگرەکان. زۆربەی مافەکانی مرۆڤ مافی داوایین کە کۆمەڵێک ئەرک یان بەرپرسـیارێتی بەسەر ڕاسپاردەکراوان یان ئەرکهەڵگرانی ماف دەسەپێنن. ئەرکەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ زۆر جار پێویست بە کۆمەڵە هەنگاوێکی وەک ڕێزلێگرتن، پاراستن، ئاسانکاری و دابینکارین. گەرچی مافەکانی مرۆڤ زۆربەی کات لەو سۆنگەیەوە کە ئەرک بەسەر لایەنێکی دیاریکراودا دەسەپێنن ئیجبارین، بەڵام وا دیارە هەندێک لە مافە یاساییەکانی مرۆڤ تەنیا لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی ئامانجە هەرە لەپێشـترەکان و پێدانی بەرپرسیارێتی بۆ بەدیهاتنی بـەرە بە بەرەیان قەتیس ماون و لـەوە تێنەپەڕیون. بە دڵنیاییەوە دەکرێت بگوترێت کە مافە ئامانجییەکان مافی ڕاستەقینە نین، بەڵام باشتر وایە دان بەوەدا بنرێت کە هەڵگری مانا و تێگەشتنێکی لاواز بەڵام هاوکات بەکەڵک لە مافن. (بۆ خوێندنەوەی زۆرتر لەسـەر لایەنگـری لەم ڕوانگەیە کە هەموو مافەکانی مرۆڤ، ماف بە مانا و تێگەیشتنە پتەوەکەی نین، بڕوانە Beitz 2009. هەروەها، بۆ زانیاری لەسەر بیرۆکەی «مافە مانیفێستییەکان»[1] بڕوانە Feinberg 1973 و بۆ خوێندنەوەی باسێک لەسەر «ئامانجە مافئاسایەکان» بڕوانە Nickel 2013.)

*مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵە مافێکی زۆرن کە بە شـێوازی لیسـتەیەک لە مافەکان دێنە ئاماژەپێکردن.* ئەگەر کەسێک قبووڵی بکات کە مافی مرۆڤ هەیە بەڵام لەو باوەڕەدا بێت کە تاکە مافێکە، لە حاڵەتێکدا کە مەبەسـتی ئەوە بێت کە مافێکی بنەڕەتیی دەرهەسـت هەیە کە لیسـتەیەک لە مافە تایبەتەکان پێک دەهێنێت، دەکرێت ئەو وتەیەی لۆژیکی و دروسـت بێت (بۆ زانیاریی زۆرتر لەسـەر ڕوانگەیەکی لەم چەشنە بڕوانە Dworkin 2011). بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە تەنیا تاکە مافێکی دیاریکراو هەیە (بۆ نموونە مافی گردبوونەوە و خۆپێشاندانی ئاشتییانە)، ڕوانگەکەی بەجددی پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی پێویستە. هەندێک لە فەیلەسووفان داکۆکی لە لیستە زۆر کورتەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بەڵام لەگەڵ

---

١. مافە مانیفێسـتییەکان ئەو بانگەشانەن کە هێشـتا پشتڕاسـت نەکراونەتەوە و ئەرکی جێبەجێکردنیان بە هیچ لایەنێک نەسپێردراوە. -وەرگێڕ

ئەمەشدا فرەیی و فرەچەشنیی ئەم مافانەیان قبووڵە (بڕوانە Ignatieff 2004).

*مافەکانی مرۆڤ گشتگیرن.* هەموو مرۆڤە زیندووەکان –یاخود ڕەنگە دەبێ بڵێین هەموو کەسە زیندووەکان– خاوەن مافەکانی مرۆڤن. بۆ هەبوونی مافەکانی مرۆڤ مەرج نییە کەسێک چەشنێکی دیاریکراو لە مرۆڤ یاخود ئەندامی نەتەوەیە یان ئایینێکی تایبەت بێت. لە ناوەرۆکی بیرۆکەی گشتگیرێتیدا چەمکی «بوونی سەربەخۆ» بەدی دەکرێت. خەڵک خاوەن مافەکانی مرۆڤن، و ئەمەیش بە هیچ شێوەیەک گرێدراوی ئەوە نییە کە ئاخۆ لە ڕەوت، ئەخلاق یان یاسای وڵات یان کولتوورەکەیاندا مافەکانی مرۆڤ بەدی دەکرێت یان نا. هەڵبەت ئەم بیرۆکەی گشتگیرێتییە چەند مەرجێکی پێویستە. یەکەم، هەندێک ماف، وەک مافی دەنگدان، تەنیا بۆ هاووڵاتییان یان دانیشتووانی پێگەیشتوو و باڵغە و تەنیا بۆ دەنگدان لە وڵاتی خۆدا دەکار دەکرێت. دووەم، دەکرێت هەندێک ماف هەڵپەسێردرێت. بۆ نموونە، لە کاتی پشێوی یا ئاگرێکی بەربڵاو و بەتەوژم بۆی هەیە مافی مرۆڤ بۆ ئازادیی هاتوچۆ بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵپەسێردرێت. و خاڵی سێیەم، سەرنجی بەشێک لە پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ مافەکانی هەموو خەڵک نییە، بەڵکوو تەرکیز دەخەنە سەر مافەکانی گرووپگەلێکی دیاریکراو وەک کەمینەکان، ئافرەتان، گەلانی ڕەسەن و منداڵان.

*مافەکانی مرۆڤ هەرە لەپێشن و لە ئەولەویەتی یەکەمدان.* مۆریس کرانتۆن لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مافەکان مرۆڤ بابەتگەلێکن کە «گرنگیی هەرە سەرەکییان» هەیە و پێشێلکردنیان «سووکایەتییەکی قورس بە دادپەروەرییە» (Cranston 1967: 51, 52). گەر مافەکانی مرۆڤ نۆرمگەلێکی بەو ڕادەیە گرنگ نەبووایەن، نەیاندەتوانی لەگەڵ پرس و بایەخە گرنگەکانی تری وەک سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەیی، چارەیخۆنووسینی تاکەکەسی و نەتەوەیی، و گەشە و پێشکەوتنی نەتەوەیی و جیهانی کێبەرکێ بکەن. بەڵام ئەوەی کە لە ئەولەویەتی یەکەمدان بەو واتایە نییە کە مافەکانی مرۆڤ ڕەهان. هەر وەک جەیمز گریفین دەڵێت، دەبێ بەو شێوەیە لە مافەکانی مرۆڤ بڕوانین کە «لە هەمبەر مامەڵە و سازان بۆ چاولێپۆشینیان خۆڕاگرن، بەڵام نەک بەو ڕادەیەش» (Griffin 2008: 77). جگە لەوە، وا دیارە کە لە نێوان مافەکانی مرۆڤیشدا جیاوازی لە ئەولەویەتدا هەیە. بۆ نموونە بەگشتی ڕوانینی ئێمە وایە کە مافی ژیان گرنگییەکی زۆرتری لە مافی سنووری کەسی هەیە؛ کاتێک ئەم دوو مافە بکەونە ناکۆکی و نەگونجان لەگەڵ یەکترەوە، ئەوە مافی ژیانە کە بەگشتی بایەخ و قورساییەکی زۆرتری دەبێت.

ئێستاکە با بێینە سەر باسی چوار تایبەتمەندی یان کارکردی تر کە دەکرێت بەو چوارەی قسەمان

لەسەر کردن زیادیان بکەین.

*گەلۆ دەبێ مافەکانی مرۆڤ بە مسۆگەر و ڕانەگوێزراو پێناسە بکەین؟* مسۆگەری و ڕانەگوێزراوی بەو مانایە نییە کە ئەم مافانە ڕەهان یان هەرگیز لەبەر تێبینی و بایەخی تر پێشێل ناکردرێن و پشتگوێ ناخرێن. بەڵکوو بەو مانایە دێت کە ناکرێت هەڵگرانی ئەم مافانە، بە شـێوەی کاتی یان بە یەکجاری و تاهەتایی، بەهۆی هەڵسـوکەوت و جووڵانەوەی خراپ، لێیـان بێبەری بن یاخود بە دڵخوازی و ویسـتی خۆیان واز لـەو مافانە بێنـن. وا دەرناکەوێت و ڕێی تێناچێت کە هەموو مافەکانی مرۆڤ بەم مانا و تێگەیشـتنە مسۆگەر و ڕانەگوێزراو بن. ئەگەر کەسێک هەم پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ بکات و هەم لە سەپاندنی زیندانیکردن وەک سـزای تاوانێکی جددی، دەبێ ئەوە بزانێت کە بە تاوانبارکردن و سـەپاندنی سـزای دادپەروەرانە لە ئەنجامی تاوانی جددیدا، دەکرێت مافی ئازادیی هاتوچۆ و جووڵەی خەڵک بە شێوەی کاتی یاخود تاهەتایی هەڵپەسێردرێت و لێیان بسەندرێتەوە. پێم وایە ئەوەندە بەس بێت بڵێین زۆر ئەستەمە مافەکانی مرۆڤ لە کەسێک بستێندرێنەوە. (بۆ ڕوانگەیەکی بەهێزتری مسۆگەری و ڕانەگوێزراوی، بڕوانە Donnelly 1989 [2020] و Meyers 1985.)

*گەلـۆ دەبێ مافەکانی مرۆڤ بە مافگەلی لانیکەمی پێناسـە بکردرێن؟* بەشـێک لە فەیلەسـووفان ئەم ڕوانگەیەیان خسـتووەتە ڕوو کە مافەکانی مرۆڤ بەو پێیەی کـە هەژماریان زۆر نییە (بە هەموویەوە چەند دە مافێکن، نەک سـەدان یان هـەزاران ماف) و هەروەها قـورس و زەحمەت نین و بەجێهێنانیان چاوەڕوانییەکی زۆر نییە، مافگەلێکی لانیکەمین (بڕوانـە Joshua Cohen 2004 و Ignatieff 2004). ڕوانگەکەیان ئەوە پێشـان دەدات کە مافەکانی مرۆڤ زۆرتـر لەوەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ بەدیهێنانی چاکتریندا بن، بە مەبەسـتی خۆبـواردن و دوورکەوتنەوە لە خراپترین و چەپەڵتریـن داڕێژراون -یاخود دەبێ بەم شـێوەیە دابڕێژرێن. هێنری شوو باس لەوە دەکات کە مافەکانی مرۆڤ لەبری ئەوەی بە شوێن «هیوا و ئاواتە مەزنەکان و ئایدیاڵە بەرزەکانەوە» بن، بەو مەبەسـتە داڕێژراون کە «سـنوورێکی لانیکەمی بۆ هەڵسـوکەوت و کرداری قبووڵکراوی مرۆڤ» دیاری بکـەن (Shue 1996: ix). کاتێک مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵە ستانداردێکی مامناوەندی بن، زۆربەی بابەت و پرسە یاسایی و ڕامیارییەکان بۆ بڕیاردانی دیموکراتی لە ئاسـتی نەتەوەیی و خۆجێییـدا بە کراوەیی دەهێڵنەوە. ئەمە دەرفـەت و ئیمکانی ئەوە بە مافەکانی مرۆڤ دەدات کە هەرە لەپێشینە و لە ئەولەویەتی یەکەمدا بن، جیاوازیی گەورەی کولتووری و ڕێکخراوەیی نێوان وڵاتان بەیەکەوە بگونجێنن، و بۆشایی و فەزایەکی گەورە بۆ بڕیاردانی دیموکراتی لە

ئاستی نەتەوەییدا بە کراوەیی بهێڵنەوە. سەرەڕای ئەمەش، بە بارێکی دیکەدا، لەو ڕووەوە کە هیچ ڕێگری و بەرهەڵستێک لە بەردەم ئەم بیرۆکەیەدا نییە کە لیستەیەکی ئێجگار بەربڵاو لە مافەکانی مرۆڤ ئامادە بکردرێت، مینیماڵیزم یان لانیکەمیبوون تایبەتمەندییەکی پێناسەکەری مافەکانی مرۆڤ نییە (بۆ ئاگاداری لــە ڕەخنە لەو تێڕوانینە کە مافەکانی مرۆڤ بە کۆمەڵە ســتانداردێکی لانیکەمی دەزانێت، بڕوانە Brems 2009; Etinson forthcoming; and Raz 2010). مینیماڵیــزم باشــترە وەک ڕێنوێنییەکی نۆرماتیڤ ســەیر بکردرێت کە پێمان دەڵێت کە مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ دەبێ چ بن. فۆرمە مامناوەندییەکانی مینیماڵیزم سەرنجڕاکێشییەکی بەرچاویان لە قاڵبی ڕاسپاردە و پێشنیاردا هەیە، بەڵام نەک وەک بەشێک لە پێناسەی مافەکانی مرۆڤ.

*گەلۆ دەبێ مافەکانی مرۆڤ بەو شــێوەیە پێناســە بکردرێن کە هەمیشــە مافگەلێکی ئەخلاقی یان «ڕەنگدانەوەی» مافگەلی ئەخلاقین؟* ئەو فەیلەســووفانەی لە سۆنگەی فەلسەفەی ئەخلاقەوە دێنە سەر باسی بیردۆزی مافەکانی مرۆڤ، هەندێک جار وای دادەنێن کە مافەکانی مرۆڤ دەبێ لە بنەڕەتدا مافی ئەخلاقی بن، نەک مافی یاســایی. لەگەڵ ئەمەشــدا، هیچ دژوازییەک لــەوەدا نییە کە خەڵک بڵێن تەنیا کاتێــک بڕوایان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە کە ئەو مافانە لە ئاســتی نەتەوەیی یاخــود نێودەوڵەتیدا وەک مافگەلێکی یاســایی بەفەرمی بناسرێن. هەر وەک لوویس هێنکین تێبینیی کردووە: «هێزە سیاســییەکان خەوش و ناڕێکییە فەلســەفییە سەرەکییەکانیان خســتووەتە ڕوو و بە گۆڕینی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ بۆ مافە یاساییە ئەرێنی و ئیجابییەکان، کەلێن و بۆشایی نێوان مافە سروشتییەکان و مافە ئیجابییەکانیان پڕ کردووەتــەوە.» (Henkin 1978: 19) هەروەها ئەو بۆچوونە لە ئارادایە کە دەکرێت مافە یاســاییەکانی مرۆڤ بەبێ گەڕانەوەی ڕاســتەوخۆ بۆ هەر مافێکی ئەخلاقیی مرۆڤ پاساو بدرێت (بڕوانە Buchanan 2013).

*گەلــۆ دەبێ مافەکانی مرۆڤ بە گوێرەی خزمەتکردن بە چەشــنێک لە کارکردی سیاســی پێناســە بکردرێن؟* دەکرێت تیۆریســتێک لەجیاتی ئەوەی لەو ســۆنگەیەوە چاو لــە مافەکانی مرۆڤ بکات کە لەســەر چەشنێک واقیعی ئەخلاقیی سەربەخۆ بنیات نراون، تێڕوانینی ئەوە بێت کە ئەو مافانە نۆرمەکانی مومارەســەیەکی سیاسیی ئێجگار بەسوودن کە مرۆڤەکان ســازیان کردوون. هەبوونی وەها ڕوانگەیەک ئەمــەی لێ دەکەوێتەوە کە بە جۆرێک لە بیرۆکەی مافەکانــی مرۆڤ بڕوانێت کە پێی وا بێت ئەو مافانە دەوری چەندین ڕۆڵی سیاسیی فرەچەشن و جیاواز لە ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا دەبینن و هەر بەم

پێیەش خزمەت بە پاراستنی بەرژەوەندییە دەستبەجێیەکانی مرۆیی و نەتەوەیی دەکەن. ئەم ڕۆڵە سیاسییانە دەکرێت بریتی بن لە خستنەڕووی کۆمەڵە پێوەرێک بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتی لەو بابەتە کە حکوومەتەکان چلۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکەکەیان بکەن و هەروەها دیاریکردنی ئەو کاتەی کە سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری یاخود دەستتێوەردانی سەربازی ڕێگەپێدراوە. ئەم ڕوانگەیە دەشێ بۆ مافە نێودەوڵەتییە دیارەکانی مرۆڤ کە لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا لە یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا سەریان هەڵداوە قبووڵکراو و گونجاو بێت. بەڵام مافەکانی مرۆڤ تەنیا بۆ بواری پەیوەندیدار بە چاودێری و دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی نین، و دەکرێت لە بەستێنی تری بەدەر لەمانەش، بۆ نموونە جیهانێک کە تاکە دەوڵەتێکی هەیە، هەبن و کارکردیان هەبێت. بۆ نموونە بهێننە بەر چاوتان کە بەرکەوتنی هەسارۆکەیەکی گەورە وا بکات کە نیوزیلاند تاکە دەوڵەتێک بێت کە لەسەر زەوی ماوەتەوە. هەرچەندە لەم دۆخەدا هیچ شتێک بە ناوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتی بوونی نابێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەکرێت بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ بە بەردەوامبوونی زۆر ڕەهەندی مومارەسەی مافەکانی مرۆڤ لە نیوزیلاند هەر بەردەوام بێت و لەناو نەچێت (بۆ ئاگاداری لە ئارگیومێنتێکی لەم چەشنە، بڕوانە Tasioulas 2012a). و ئەگەر لە هەمان سیناریۆدا دەربکەوێت کە چەند کەسێک لە ئایسلەند گیانیان دەرباز بووە و زیندوو ماونەتەوە و بەبێ هیچ حکوومەت و دەوڵەتێک دەژین، نیوزیلاندییەکان دەزانن کە مافەکانی مرۆڤ حوکم دەکات کە چلۆن دەبێ لەگەڵ ئەم کەسانە بجووڵێنەوە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو کەسانە بێدەوڵەتیش بن. بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ چەندە قووڵیش ڕەگوڕیشەی لە یاسا و ڕێوشوێنی نێودەوڵەتیدا داکوتابێت، نابێت بە بڕیار و حوکمێکی پێناسەیی و دیاریکەرانە یەکلایی بکرێتەوە و دابڕێژرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ئاساییە دان بەوەدا بنێین کە ئەوە مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤن کە ئەمڕۆکە ئەو چەشنە کارکرد و ڕۆڵە سیاسییانەی کە ڕاولز و بەیتز ڕاڤەیان کردوون بەدی دەهێنن و ڕێگە بۆ جێبەجێبوونیان خۆش دەکەن.

## ٢. بوون و بنچینەکانی مافەکانی مرۆڤ

### ١.٢. چلۆن دەکرێت مافەکانی مرۆڤ هەبن؟

دیارترین شێوازی بوون و دەرکەوتنی مافەکانی مرۆڤ بوونیان وەک نۆرمەکانی یاسای نەتەوەیی و نێودەوڵەتییە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، بوونی نۆرمەکانی مافی مرۆڤ بە بۆنەی ئەو پەیماننامانەوەیە کە

ئەو نۆرمانەیان کردوون بە یاسـای نێودەوڵەتی. بۆ نموونە، مافی مرۆڤی قەدەغەکردنی کۆیلەتی و کاری زۆرەملی کە لە ماددەی ٤ی کۆنڤانسیۆنی ئەورووپیی مافەکانی مرۆڤ و ماددەی ٨ی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسـییەکاندا هاتووە، هەر بەو بۆنەوە بوونی هەیە کە ئەم پەیماننامانە چەسـپاندوویانە و دایانڕشتووە. لە ئاستی نەتەوەییدا، نۆرمەکانی مافی مرۆڤ بەو هۆیەوە بوونیان هەیە کە لە ڕێگەی دەرکردن و تێپەڕاندنی یاسـا، بڕیاری دادوەری یا داب و نەریتەوە بوون بە بەشـێک لە یاسای ئەو وڵاتە. بۆ نموونە مافی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی کۆیلەتی لە ئەمریکا کاتێک سەری هەڵدا کە لە هەمواری سێزدەیەمی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، کۆیلەتی و کاری زۆرەملی یاساخ کرا. کاتێک مافەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەچەسپێن، گونجاوە کە وەک مافەکانی مرۆڤ ناویان بێنین و باسیان بکەین؛ بەڵام کاتێک ئەو مافانە لە یاسای نەتەوەییدا دەردەچن، زۆرتر بە مافە مەدەنی یان دەستوورییەکان ئاماژەیان پێ دەکەین.

هەرچەنـدە تێپەڕاندنـی مافەکانی مرۆڤ لە یاسـای نەتەوەیی و نێودەوڵەتیـدا یەک لە ڕێگەکانی سەرهەڵدان و هاتنە ئارای ئەو مافانەیە، بەڵام زۆرێک تێبینیی ئەوەیان کردووە کە ئەمە تاکە ڕێگا نییە. ئەگەر مافەکانی مرۆڤ تەنیا بەهۆی تێپەڕاندنی یاساوە بوونیان هەبێت، هەبوون و دەرکەوتنیان دەبەسترێتەوە بە پێشـهات و گۆڕانکارییە سیاسـییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. زۆربەی خەڵک بە شوێن ڕێگەیەکدان کە پشـتگیری لەم بیرۆکەیە بکەن کە مافەکانی مرۆڤ ڕەگوڕیشـەیان قووڵـترە، و بە ڕادەیەکی کەمتر لە تێپەڕاندن و چەسپاندنی یاسایی، پاشکۆ و گرێدراوی بڕیارەکانی مرۆڤن. وەشانێکی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە مرۆڤەکان بەو مافانەوە لەدایک دەبن، و مافەکانی مرۆڤ لە مرۆڤدا بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆماکی و زاتیـن (بڕوانـە Morsink 2009). یەک لەو ڕێگایانەی کە دەکرێت دۆخێکی نۆرماتیڤ بە شـێوەی زاتی لە مرۆڤەکاندا هەبێت ئەوەیە کە خوداپێداوانە بێت. ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی ئەمریکا دەڵێت کە خەڵک مافە سروشـتییەکانی ژیان، ئازادی و گەیشتن بە بەختەوەرییان «لە لایەن ئافرێنەرەکەیانەوە پێیان بەخشراوە». بەپێی ئەم بۆچوونە، خودا، یاسادانەری باڵا، هەندێک مافی سەرەتایی مرۆڤی داناوە.

ئەو مافانە کاتێک دەکرێت بۆ بڕیار و حوکمی خودایی بگەڕێندرێنەوە کە زۆر گشتی و دەرهەست بن (بۆ نموونە مافی ژیان و ئازادی) بە جۆرێک کە بتوانین بە درێژایی هەزاران ساڵ مێژووی مرۆڤایەتی پیادەیان بکەین و بیانسـەپێنین، نەک تەنیا بۆ سەدەکانی ئەم دواییە بگونجێن. بەڵام مافە هاوچەرخەکانی مرۆڤ زۆر تایبەت و ڕوونن و بوونی دامەزراوە هاوچەرخەکان وەک پێشگریمانەی زۆربەی ئەو مافانەیە

(مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، مافی ئاسایشـــی کۆمەڵایەتـــی و مافی خوێندن چەند نموونەیەکن). تەنانەت ئەگەر مرۆڤەکان بەو مافە سروشتییە خوداپێداوانەش لەدایک بووبن، پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە چلۆن لەو مافە گشتی و دەرهەستانە بەم مافە دیاریکراو و تایبەتانە گەیشتووین کە لە جاڕنامە و پەیماننامە هاوچەرخەکاندا دەبینرێن.

گرێدانـــەوە و گەڕاندنـــەوەی مافەکانـــی مرۆڤ بۆ حوکمی خـــودا لەوانەیە لە ئاســـتی میتافیزیکیدا پێگەیەکی ئەمن و پارێزراویان پێ بدات، بەڵام لە جیهانێکی بەو ڕادەیە فرەچەشندا، ئەم تێڕوانینە لەسەر ئەرزی واقیع ئەو پارێزراوی و ئەرخەیانبوونەیان پێ نابەخشێت. ئەمڕۆکە بە چەندین ملیار کەس بڕوایان بە خودای ئایینی کریســـتیانێتی، ئیســـلام و جوولەکایەتی نییە. کاتێک خەڵک بـــاوەڕی بە خودا نییە، یا ئـــەو جۆرە خودایەی کە دانەر و دیاریکەری مافەکانە، گەر بمانهەوێت بنەمای مافەکانی مرۆڤ لەســـەر بیروباوەڕێکی تیۆلۆجی و خوداناسانە بونیات بنێین، دەبێ سەرەتا ئەم خەڵکە هان بدەین و بە قەناعەتیان بگەیەنین کە ڕوانگەیەکی خوداناسانەی پاڵپشتیکەر و پشتڕاستکەرەوەی مافەکان قبووڵ بکەن. پێدەچێت ئەمە تەنانەت لەوەش قورستر و ئەستەمتر بێت کە هانیان بدەین باوەڕ و قەناعەت بە مافەکانی مرۆڤ بهێنن. بۆ ئامانجێکی کردەیی و پراکتیکاڵ، دەرکردن و تێپەڕاندنی یاســـا لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا پێگە و دۆخێکی ئێجگار پارێزراوتر و دڵنیاییدەرتر بەرهەم دەهێنێت.

مافەکانـــی مـــرۆڤ هەروەها دەکرێت لـــەو ڕووەوە کە بەشـــێک لە ئەخلاقی ڕاســـتەقینەی مرۆڤن، سەربەخۆ لە تێپەڕاندنی یاساییش بوونیان هەبێت. پێدەچێت هەموو گرووپە مرۆییەکان خاوەنی ئەخلاق بن. مەبەســـت لە ئەخلاق ئەو نۆرمە پێویســـتانەی ئاکار و هەڵسوکەوتە کە کۆمەڵە هۆکار و بەهایەکیان لە پشـــتە. ئەم ئەخلاقانە هەڵگری کۆمەڵە نۆرمێکی تایبەت (بۆ نموونە، قەدەغەکردنی کوشتنی بەئەنقەستی کەســـانی بێتاوان) و کۆمەڵە بەهایەکی تایبەتن (بۆ نموونە، بەهادان بـــە ژیانی مرۆڤ). ڕێگەیەکی تر بۆ هەبوونی مافەکانی مرۆڤ بەدەر لە ڕێگەی یاسادانان و یاسادەرکردنی خودایی و مرۆیی ئەوەیە کە وەک کۆمەڵـــە نۆرمێکی قبووڵکراو لە نزیکەی هەموو ئەخلاقە ڕاســـتەقینەکانی مرۆڤدا دەر بکەون. بۆ نموونە ئەگەر نزیکەی هەموو گرووپە مرۆییەکان خاوەنی ئەخلاقێک بن کە هەڵگری کۆمەڵە نۆرمێک بێت کە کوشتن قەدەغە بکات، بەم شێوەیە ئەو نۆرمانە دەتوانن مافی مرۆڤ بۆ ژیان پێک بهێنن.

ئەم ڕوانگەیە سەرنجڕاکێشە بەڵام کێشە و گرفتی جددیی هەیە. ئەگەرچی قبووڵکردنی مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا لەم دەیان ساڵەی دواییدا زیادی کردووە (بڕوانە بەشی ٤ی ئەم وتارە بە ناونیشانی

«مافــە جیهانییەکانی مرۆڤ لە جیهانێکی تەژی لە بیروباوەڕ و ڕەوتی فرەچەشــندا»)، بەڵام یەکدەنگی و هاوبیرییەکــی ئەخلاقیی جیهانی ســەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە ئارادا نییــە. جاڕنامە و پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ بە شوێن گۆڕینی ئەو نۆرمانەن کە لە ئێستادا لە ئارادان، نەک تەنیا کۆدەنگییەکی ئەخلاقیی هەنووکە وەسف بکەن.

هێشــتا ڕێگەیەکی دیکە بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری دەرکەوتن و هەبوونی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە بڵێین ئەم مافانە لە بنەڕەتدا لە تێڕوانینە ئەخلاقییە ڕاستەقینەکان یان پاساودراوەکاندا بوونیان هەیە. بەپێی ئەم بۆچوونە، ئەمەی کە بڵێین مافێکی مرۆڤ لە دژی ئەشکەنجەدان هەیە بەگشتی بەو واتایەیە کە جەخت لــەوە بکەینەوە کە گەلێک هۆکاری بەهێز هەن بۆ ئەوەی قەناعەت بێنین کە تێوەگلان لە ئەشــکەنجە و ئەنجامدانی، هەمیشە لەڕووی ئەخلاقییەوە هەڵەیە و پێویستە کۆمەڵێک ڕێوشوێن بگیرێتە بەر کە پێش بە ئەنجامدان و بەکارهێنانی ئەشــکەنجە بگرێت و پارێزراوی لە دژی دابین بکات. ئەم تێڕوانینە جاڕنامەی جیهانی وەک هەوڵێک بۆ فۆرموڵەکردن و داڕشــتنی ئەخلاقی سیاسیی پاســاودراو دەبینێت: بەو واتایە کە تەنیا هەوڵێک بۆ دەستنیشــانکردنی کۆدەنگییەکی ئەخلاقی نییە کە پێشــوەختە بوونی هەیە، بەڵکوو هەوڵێکە بــۆ پێکهێنانی کۆدەنگییەک کە بتوانرێت بە کۆمەڵێکــی زۆر هۆکاری ئەخلاقی و پراکتیکیی پاســاوهەڵگر و قایلکەر پشتراســت بکرێتەوە و داکۆکیی لێ بکردرێت. لەم ڕێبازەدا پێویستە لەسەر ئەو بــاوەڕە بین کە ئەم هۆکارانە ئۆبجێکتیڤن. بە گوێرەی ئەم تێڕوانینــە، هەروەک چۆن کۆمەڵە ڕێگەیەکی باوەڕپێکراو و پشتپێبەستراو بۆ تێگەیشتن لەو بابەتە هەیە کە چلۆن جیهانی فیزیکی کار دەکات، یاخود چ شــتێک بیناکان بەهێز، پتەو و خۆڕاگر دەکات، بە هەمان شــێوە کۆمەڵە ڕێگەیەکی جێی باوەڕ هەیە بــۆ ئــەوەی تێبگەین کە تاکــەکان بەهەق و پاســاوهەڵگرانە چیان لە یەکتر و لــە حکوومەت دەوێت و چاوەڕوانیی چی دەکەن. تەنانەت ئەگەر لە ئێســتادا کۆدەنگییەک سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە ئارادا نەبێت، گەر بێتو مرۆڤەکان خۆیان دەروەســت بە لێپرسینەوەی ئەخلاقی و سیاسیی جددی و بە بیرێکی ڕوون و کــراوە بکەن، دەرفەتی ڕێککەوتنێکی ئەقڵانی دەســتەبەر دەبێت. ئەگەر هۆکارە ئەخلاقییەکان سەربەخۆ لە داڕشتن و پێکهێنانی مرۆیی بوونیان هەبێت، -کاتێک لەگەڵ پێشگریمانە و پێشمەرجەکانی پەیوەســت بە دامەزراوە، کێشە و گرفت و سەرچاوەکانی ئێستا ئاوێتە بکرێن- دەتوانن کۆمەڵە نۆرمێکی ئەخلاقیی جیاواز لەوانەی لە ئێســتادا قبووڵ کراون یاخود وەک یاســا دەرکــراون پێک بهێنن. وا دیارە جاڕنامەی جیهانی ڕێک لەسەر ئەم گریمانەیە دەچێتە پێشەوە (بڕوانە Morsink 2009).

کێشەیەکی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە پێدەچێت بوونێک کە لەسەر بنەمای هۆکاری باش و پاساوهەڵگر دامەزراوە فۆرمێکی تا ڕادەیەک لاواز و لەرزۆک لە بوونی مافەکانی مرۆڤە. بەڵام ڕەنگە بتوانین ئەم لاوازی و لەرزۆکییە وەک کێشـەیەکی پراکتیکی سەیر بکەین نەک وەک گرفتێکی تیۆری –واتە وەک شتێک سەیری بکەین کە دەکرێت بە دارشتن و تێپەڕاندنی نۆرمە یاساییەکان چارەسەر بکرێت. باشترین فۆرمی بوونی مافەکانی مرۆڤ ئاوێتەیەکە لە بوونی یاسایی بەهێز لەگەڵ ئەو چەشنە لە بوونی ئەخلاقی کە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هۆکارگەلێکی ئەخلاقی و پراکتیکیی بەهێز پشتیوانی و داکۆکیی لێ دەکەن.

## ٢.٢. پاساوەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ

پاسـاوەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ دەبێ کۆمەڵێک خاڵی دەسـتپێکی پاسـاوهەڵگر بـۆ داکۆکی لە تایبەتمەندییە سـەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەستنیشان بکەن و ڕاڤە و شیکردنەوەک لە ڕاگواستن لەم خاڵە دەستپێکانە بۆ گەیشتن بە لیسـتەیەک لە مافە تایبەتەکان بخەنە ڕوو (بڕوانە Nickel 2007). جگە لەمەش، پاسـاودان بە مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ وا دیارە پێویسـتی بە کۆمەڵە هەنگاوێکی زیاتریش هەیە (بڕوانە Buchanan 2013). ئەم مەرجانە کاری پێکهێنانی پاساوێکی گونجاو دەکەن بە ئەرکێکی قورس.

هەوڵەکانی ئەم دواییە بۆ پاسـاودانی مافەکانی مرۆڤ دەرکەی بە ڕووی گەلێک بنچینەی جیاوازی سەرسووڕهێنەر کردووەتەوە. ئەم بنچینانە بریتین لە هۆکارگەلی بەمشوورانە؛ ئارگیومێنتگەلی پەیوەندیدەر (Shue 1996)؛ بکەرێتی و خودموختاری (Gewirth 1996; Griffin 2008)؛ پێداویستییە سەرەکییەکان (D. Miller 2012)؛ لێهاتووییەکان و ئازادیی ئەرێنی (Gould 2004; Nussbaum 2000; and Sen 2004)؛ گەورەیی و کەرامەت (Gilabert 2018b; Kateb 2011, Tasioulas 2015)؛ و دادپەروەری، یەکسانیی دۆخ و ڕێزگرتنی هاوسەنگ (Dworkin 2011; Buchanan 2013).

سەریەککەوتنێکی زۆر لە نێوان ئەم ڕێبازانەدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گەلێک جیاوازیی گرنگ لـە نێوانیانـدا هەیە کە پێدەچێت ببێتە هۆی ئـەوەی کە ئەنجامی جیاوازیان لـێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە، ڕێبازێک کە لـە چوارچێوەی بنچینەی بکەرێتی و خوموختاریدا ڕێک خراوە بەهێزتر و ڕاسـتەوخۆتر لە ڕێبازێک کە لەسـەر بنچینەی پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی مرۆڤدا ڕێک خراوە، پاڵپشتی و داکۆکی لە ئازادییە بنەڕەتییەکان دەکات. دەکرێت پاسـاوەکان لەسـەر بنەمای تەنیا یەکێک لەم چەشنە هۆکارانە

داڕێژرابن یاخود دەکرێت فرەییخوازانە بن و پشــت بە چەندێکیان ببەســتن. بینینی ئەو ڕادە فرەچەشنییە زۆرە لە نێوان ڕێبازە فەلسەفییەکانی پاساودان ڕەنگە بێهیوا و دڵساردمان بکاتەوە (گەرچی جیاوازیی بیر و ڕا و ناکۆکی لە ڕێبازەکاندا لە فەلســەفە شتێکی ئاسایی و باوە)، بەڵام لایەنە ئەرێنییەکەی ئەوەیە کە ئەوە پێشــان دەدات کە لانیکەم چەند ڕێگەی پاساوهەڵگر و قایلکەر بۆ پاســاودانی مافەکانی مرۆڤ بوونی هەیە.

پاســاوە فەلسەفییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ڕادەی متمانەپێکراوییەک کە بە لیستە هاوچەرخەکانی مافەکانی مرۆڤی دەبەخشــن لەگەڵ یەکتر جیاوازن، هەر وەک لە جاڕنامــەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا (١٩٤٨) دەبیندرێت. بەشــێک لەم پاســاوانە ئەمەکداری بۆ مومارەســەی مافەکانی هاوچەرخی مرۆڤ بە پێویست دەزانن، لە کاتێکدا بەشــێکی تریان چوارچێوەگەلی نۆرماتیڤی تایبەت دەخەنە پێشەوە و لە پێشینە دادەنێن، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو چوارچێوانە تەنیا دەتوانن هەندێک لە مافەکانی ناو لیستە هاوچەرخەکان پاساو بدەن.

هــەوڵ بۆ بــاس و تاوتوێی هەموو ئــەو ڕێبازانــە ئەرکی کتێبێکــی گەورەیە، نــەک وتارێکی ناو ئینسایکلۆپیدیا. لەم وتارەدا تەنیا دوو لەم ڕێبازانە دەخەینە بەر باس: بکەرێتی/خودموختاری و کەرامەت.

### ١.٢.٢. بکەرێتی و خودموختاری

بونیاتنانــی مافەکانــی مرۆڤ لەســەر بنەمای بکەرێتــی و خودموختاریی مرۆڤ لــە چەند دەیەی ڕابردوودا لایەنگرانی بەهێزی هەبووە (Griffin 2008; Gould 2004). پێشــەنگێکی گرنگی ئەم بوارە ئالان گێورتە. گێورت لە کتێبی «مافەکانی مرۆڤ: کۆمەڵە وتارێک لەسەر پاساو و بەکاربەری»دا (1982) ئاماژەی بەوە دا کە مافەکانی مرۆڤ مەرجە پێویستەکانی ژیانێکن کە مرۆڤ تێیدا وەک بکەرێک بتوانێت بژیێت و چالاک بێت. واتە بە زمانێکی ئەبستراکتی، مەرجەکانی وەها ژیانێک ئازادی و خۆشگوزەرانیی سەرەتاییە. بکەرێکی ئاقڵی بەمشوور کە دەبێ ئازادی و خۆشگوزەرانیی هەبێت، «داوایەکی بەمشوورانەی مافی» (31 :1982) بەهرەمەندبوون لەمانە دەردەبڕێت. بەڵام، کاتێک ئەو داوای ئەوە دەکات کە ئەوانی تر ڕێز لە ئازادی و خۆشــگوزەرانییەکەی بگرن، پێکــەوە حەوانەوە و گونجان دەخوازێت کە ئەویش بە هەمان شــێوە دان بە ئازادی و خۆشگوزەرانیی هەموو مرۆڤەکانی تر بنێت و ڕێزی لێ بگرێت. «دەبێ بە شــێوەیەکی لۆژیکی ئەمە قبووڵ بکات» (20 :1982) کە خەڵکی تریش وەک بکەر مافی یەکســانیان

بۆ ئازادی و خۆشــگوزەرانی هەیە. ئەم دوو مافە ئەبستراکتە بە تەنیا و بەیەکەوە کار دەکەن تا لیستەیەک لە مافە دیاریکراوترەکانی مرۆڤ لەو چەشــنانەی زۆرتر بۆمان نــاسراون پێک بهێنن (Gewirth 1978, 1982, 1996). ئارگیومێنتی گێورت ئەدەبیاتێکی ڕەخنەیی گــەورەی لێ کەوتەوە (بڕوانە Beyleveld 1991 و Boylan 1999).

هەوڵێکی نوێتر بۆ بونیاتنانی مافەکانی مرۆڤ لەســەر بنەمای بکەرێتــی و خودموختاری لە کتێبی جەیمز گریفین بە ناونیشانی «لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ»دا (2008) دەبیندرێت. گریفین لەگەڵ ئەو ئامانجەی گێورت هاوبەش و هاوڕا نییە کە ئارگیومێنتێکی لەڕووی لۆژیکییەوە مسۆگەر و لێدەربازنەبوو بۆ مافەکانی مرۆڤ بخاتە ڕوو، بەڵام ڕوانگە گشتییەکەی گەلێک تایبەتمەندیی پێکهاتەیی سەرەکیی هاوبەشی لەگەڵ ڕوانگەی گێورت هەیە. ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانە بریتین لە دامەزراندنی پاساوەکە لەسەر بنەمای بەهای بێهاوتای بکەرێتی و خودموختاری، بەگریمانەگرتنی هەندێک لە مافە ئەبستراکتەکان و گونجاندنی مافی خوشگوزەرانی لەناو ڕێبازێک کە لەسەر بنەمای بکەرێتییە.

گریفین لە مشــتومڕی ئێســتای نێوان چەمکی «ئەخلاقی» (یان «باوەڕی پەســندکراو») و سیاسیی مافەکانی مرۆڤدا، بەتوندی لایەنگری ئەوانەیە کە مافەکانی مرۆڤ وەک مافگەلێکی لە بنچینەوە ئەخلاقی دەبینن (بۆ تاوتوێی ئەم باسە بڕوانە Liao & Etinson 2012). بەپێی ڕوانگەی گریفین، ڕۆڵی دیاریکەری ئەو مافانە پارێزگاری لە توانایی و ئیمکانی مرۆڤ بۆ پێکهێنان و شۆپاندنی وێناکانی ژیانێکی پڕبایەخ و شایستەیە –توانایی و ئیمکانێک کە گریفین هەر جارەی بە زاراوەیەکی جیاوازی وەک «خودموختاری»، «بکەرێتیــی نۆرماتیڤ» و «کەســێتی» ئاماژەی پێ دەکات. ئــەم توانایییە بۆ پێکهێنــان، پێداچوونەوە و شۆپاندنی وێناکانی ژیانێکی شایستە بە بەهایەکی بەرز، سەرچاوەیەکی بێهاوتای کەرامەتی مرۆڤ و بەم پێیە بنەما و بنچینەی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت. گریفین لەســەر ئەو باوەڕەیە کە خەڵک «بە ڕادەیەکی ئێجگار زۆر، تەنانەت زۆر زیاتر لە بەختەوەرییشــمان» (2008: 32 [§2.3]) بەها بەم توانایی و ئیمکانە دەدەن.

بەپێــی ڕوانگــەی گریفین، «فاکتەر و ڕەوشــە پراکتیکییەکان»یش بە هەمان شــێوە لــە بیچمدان و پێکهێنانــی مافەکانــی مرۆڤدا دەور دەبینن. گریفین ئەو فاکتەر و ڕەوشــە پراکتیکیانــە بە «بنچینەیەکی دووەم»ی (2008: 37-39 [§2.5]) مافەکانی مرۆڤ ناو دەبات. ئەو فاکتەر و ڕەوشــانە بە پێشــگرتن لە «لاری و لادانی زۆر ئاڵۆز و دژوار» (2008: 37 [§2.5])، بڕێک پەرەپێدان و بەرفرەکردنەوەی مافەکان

بـۆ دابینکردنی پەراوێزێکی ئەمن بۆیان، و ڕەچاوکردن و کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندی و ڕاسـتییەکانی سروشتی مرۆڤ و سروشتی کۆمەڵگا، لە دیاکریکردنی ڕوونی سنووری مافەکاندا ڕێپێشاندەرن. بەو پێیە، ئەو ئەرکە گشتییە پاساودەرانەی گریفین دەیداتە پاڵ مافەکانی مرۆڤ، پاڵپشتی و پارێزگاری لە بکەرێتیی نۆرماتیڤ و هاوکات لەبەرچاوگرتنی فاکتەر و ڕەوشە پراکتیکییەکانە.

گریفین پێی وایە کە دەتوانێت گشتگیرێتیی مافەکانی مرۆڤ بە دانان بەوەی کە بکەرێتیی نۆرماتیڤ چەمکێکی سـەرحەدییە شـی بکاتەوە –واتە کاتێک کەسێک لە سـەرووی ئەو سەرحەد و ئاستە بێت مافگەلێکی تەواو یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی تری هەیە. ئەوەی کە بکەرێتیی کەسێک تا چ ڕادە و پلەیەک سـەرتر لەو ئاسـتە بێت هیچ گرنگ نییە. شـتێک بە ناوی «پلەکانی مرۆڤ بوون» ([§3.5] 67 :2008) لە نێوان کەسـانی باڵغی شـیاودا نییە و هەموو لەو بابەتەدا لە یەک ڕیزدان. سـەرەڕای ئەمە، ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ بکەرێتی، ڕێباز و ئاراسـتەیەکی نۆرماتیڤە و تەنیا ڕاستییەک سەبارەت بە چەمکەکان نییە. لە بەرانبەردا، ئاراستەیەکی دیکەش دەکرێت لە گۆڕدا بێت کە ئەویش ڕێژەییکردنی پشکی مافەکانی مرۆڤەکان بە گوێرەی ئاستی بکەرێتیی نۆرماتیڤیانە. ئەمە ئەو ڕێبازەیە کە لە ئاست منداڵان دەیگرینە بەر؛ بەم شێوەیە کە هەرچی ڕادەی بکەرێتی و بەرپرسیارێتییان بەرزتر دەبێتەوە، پەرە بە مافەکانیشیان دەدرێت. بۆ وەلانانی مافە ڕێژەییەکان و بۆ شـیکردنەوەی ڕەهەندە یەکسـانیخوازانەکانی مافەکانی مرۆڤ، لەوانە تایبەتمەندیی ئەو مافانە وەک مافگەلێکی گشـتگیر و یەکسـان کە بەبێ هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێک هەمـووان لێیان بەهرەمەنـدن، وا دیارە هەندێک بنچینەی تری پەیوەندیدار بە دادپەروەری و یەکسـانی پێویستن.

ئەم خاڵە کۆتاییە ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە ئاخۆ ئەو ڕێبازانەی لەسەر بنەمای بکەرێتین بەگشتی دەتوانن وەک پێویسـت گوزارشت لە تایبەتمەندیی گشـتگیرێتی، یەکسانی و دژەهەڵاواردنی مافەکانی مرۆڤ بدەن و ڕەچاویان بکەن؟ پێدەچێت ئەو بیرۆکەیە کە مافەکانی مرۆڤ دەبێ بەبێ هیچ هەڵاواردنێک ڕێزیان لێ بگیردرێت و بپارێزرێن، لە بنەڕەتی خۆیدا پرسـێکی گرێدراو بە دادپەروەرییەوە بێت تاکوو بکەرێتی، ئازادی یا خۆشبژێوی. هەڵاواردن زۆربەی کات خەسار بە قوربانییەکانی دەگەیەنێت و کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەمیان، بەڵام تەنانەت گەر بەم شـێوەیەش نەبێت هێشـتا بەقووڵی نادادپەروەرانەیە. بـۆ نموونە، پێدەچێت ئەو مافانەی مرۆڤ کـە بەڕوونی ئاماژە بە هەقدەسـتی دادپەروەرانە و وەرگرتنی بڕەپارەیەکی یەکسـان بۆ کارێکی یەکسـان دەکـەن (ماددەکانی ٣ و 7.i ی پەیمانـی نێودەوڵەتیی مافە

ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان) زۆر زیاتر پەیوەست بە دادپەروەرییەوە بن تاوەکوو بکەرێتی، ئازادی و خۆشبژێوییەوە -بەتایبەت کە ئەو مافانەی مرۆڤ کە لەمەڕ هەقدەستێکن کە ئاستێکی گونجاوی ژیانێکی شایستە مسۆگەر و دابین دەکەن، زۆر جار بە جیا ئاماژەیان پێ دەکرێت (مادەی 7.ii ی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان).

### ٢.٢.٢. کەرامەت

زۆربەی جاڕنامە و پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ کەرامەتی مرۆیی بە بنچینەیەکی مافەکانی مرۆڤ دادەنێن. لە چەند دەیەی ڕابردوودا گەلێک کتێب و وتار بۆ لایەنگری و داکۆکی لە ڕێبازە کەرامەتگەرایانەکان بۆ پاساودانی مافەکانی مرۆڤ بڵاو کراونەتەوە (بۆ نموونە Gilabert 2018b؛ Kateb 2014؛ McCrudden 2013 و ئەو وتارە زۆرانەی کە تێیدایە؛ Tasioulas 2015؛ Waldron 2012 و 2015). هەروەها ڕەخنەگرێکی زۆریش لە دژی نووسیویانە، کە بریتین لە Den Hartogh 2014؛ Etinson 2020؛ Green 2010؛ Macklin 2003؛ Rosen 2012؛ و Sangiovanni 2017.

چەمکێکی کارای کەرامەتی مرۆیی دەشێ لانیکەم سێ بەش لە خۆ بگرێت. یەکەمیان لە سروشتی کەرامەتی مرۆیی دەدوێت، بۆ نموونە دیاریی دەکات کە ئاخۆ کەرامەت چەشنێک بەها، پێگە و پلەوپایە یاخود ڕەوشتبەرزییە (بڕوانە Rosen 2012). دووەمیان بنچینەکانی کەرامەتی مرۆیی شی دەکاتەوە -ئەمەی کە بۆچی یاخود بەهۆی کام توانایی یان تایبەتمەندییە هاوبەشانە هەمووومان ئەو چەشنە کەرامەتەمان هەیە کە لە هەنگاو و خاڵی یەکەمدا باس کرا. سێیەمین و دوایین بەش دەگەڕێتەوە سەر پرسی پێداویستیيە پراکتیکییەکانی کەرامەتی مرۆیی و ئەوەی کە چ بابەتێک بە کۆنکریتی لە پەیوەندی لەگەڵ «ڕێزگرتن» لێی تێوە دەگلێت و دێتە ئاراوە. (بۆ باس و ڕاڤەیەکی بەربڵاوتر لەم پەیوەندییەدا بڕوانە وتاری «کەرامەت» لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرددا.)

تێگەیشتن و تێڕوانینێکی کە زۆربەی کات بۆ کەرامەتی مرۆییمان هەیە بریتییە لە بایەخ یان پێگەیەکی تایبەت کە هەموو مرۆڤەکان، بە پێچەوانەی گیانلەبەرەکانی تر، تێیدا هاوبەشن (بۆ نموونە بڕوانە Kateb 2011). دەتوانین ئەم تێگەیشتنە «بیردۆزی بایەخی تایبەت» ناو بنێین. هەوڵەکان بۆ دابینکردنی بەستێنەکانی شرۆڤە و لێکدانەوەی گونجاوی بیردۆزی بایەخی تایبەت، یەک یان چەند تایبەتمەندییەکی پڕبایەخ دیاری دەکەن کە هەموو مرۆڤەکان تێیاندا هاوبەشن و گیانلەبەرانی بەدەر لە مرۆڤ زۆرینەیان

خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە نین یان گەر هەشـیانبێت لە ئاسـتێکی زۆر نزمـتر هەیانە. ئەو تایبەتمەندییە پڕبایەخانەی کە دەستنیشان کراون بۆی هەیە جارێکی تر پێویست بێت دەوری «چەمکگەلی سەرحەدی» ببینین، بە جۆرێک کە خەڵک دەکرێت بەبێ لەدەستدان، کەمبوونەوە یان زۆربوونی کەرامەتی مرۆییان بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤەکانی تر، لەوەدا کە تا چەندە و چ ڕادەیەک لەو تایبەتمەندی یان توانایيە بەهرەمەندن لەگەڵ یەک جیاواز بـن. هیچ نەبێت، کەرامەتی مرۆیی بڕیارە ئایدیایەکی بەتەواوەتی یەکسـانیخوازانە بێت. پاڵێوراوە گونجاوەکانی ئەم جۆرە بنچینانە دەکرێت بۆ نموونە بریتی بن لە توانایيە ئەخلاقییەکان (بۆ تێگەیشتن و شـۆپاندنی بەها و نۆرمە ئەخلاقییەکان و بیرکردنەوە و جووڵانەوە بە گوێرەیان)؛ بیرکردنەوە، خەیاڵکردن و ئەقڵانیەت؛ خۆئاگایی و توانایی ڕامان و تێفکرین؛ بەکارهێنانی زمان و تەکنۆلۆژیای ئاڵۆز و ئەستەم.

یـەک لـە نیگەرانییەکانی کە لـە هەمبەر بیـردۆزی بایەخی تایبەت لـە ئارادایە بـۆ تایبەتمەندیی خۆهەڵکێشـان و خۆبەرزنرخاندنـی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. هـەر بۆیە کاتێک کە ئیدعـای ئەوە دەکەین کە ئێمـەی مرۆڤ بایەخی تایبەتمـان هەیە لەوانەیە هەڵە و چەوتی و خەوشـەکانمان پاسـاو بدەین و چاویان بەسـەردا داخەین –یەک لەو چەوتییانە توانایی یەکجار زۆری مرۆڤ بۆ خراپەیە، کە یەکبین لە هەڵسـوکەوتی بەردەواممان لە ئاسـت مرۆڤەکانی تر و گیانلەبەرەکانی تری بەدەر لە مرۆڤ دەبیندرێت (Rosen 2013). نیگەرانییەکانی تری زۆر پەیوەندیدار بەمەی پێشـوو کە تا دێت بەرچاوتر و زەقتریش دەبێت ئەمەیە کە بیردۆزی بایەخی تایبەت جۆرپەرسـتانەیە، واتە بە شێوەیەکی خۆسەرانە و سەرەڕۆیانە بەرژەوەنـدی، پێگە و دۆخ و/یان بەهای مرۆڤ لە سـەرووی بەرژەوەندی، پێگـە و دۆخ و/یان بەهای گیانلەبەرەکانی تری بـەدەر لە مرۆڤ دادەنێـن (Kymlicka 2018; Meyer 2001). لە چوارچێوەی ئەم نیگەرانییە بەجێیانە، پێویسـتە بگوترێت کە پشتگیریکردن و باوەڕهەبوون بە کەرامەتی مرۆیی نابێت بە جۆرێک بێت کە خەسار و زیان بە گیانلەبەرەکانی تری بەدەر لە مرۆڤ بگەیەنێت؛ دەکرێت هاوکات کە پێداگری لەسەر کەرامەتی مرۆڤی بەئاوەز دەکەینەوە، جەخت لەسەر کەرامەتی یەکسان بۆ جۆرەکانی تر و فۆرمەکانی تری ژیانیش بکەینەوە (Etinson 2020; Gilabert 2018b). بیردۆزی بایەخی تایبەت ئارەزوومەندانەیە و تەنیا بەشێک لە تیۆریستەکان لایەنگری و داکۆکیی لێ دەکەن.

ئەرک یا لۆژیکی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆیی چ نێرین، هەڵوێست، هەنگاو، ڕێچکە و مافگەلێک بـە دوای خۆیدا دێنێتە کایـەوە؟ و گەلۆ مافەکانی مرۆڤ لەناو ئەو لێکەوتانـەدان؟ وەڵامەکە لانیکەم تا

ڕادەیــەک بەندە بەوەوە کــە ئێمە پێمان وایە کەرامەتی مرۆیی چییە. ئەگەر جۆرێک *ڕەوشــتبەرزییە* کە لــە هەموو مرۆڤەکاندا هەیە یان دەکرێت هەبێت، ئەوا پێداویســتییە کردەییەکانی بریتی دەبن لە کۆمەڵە بابەتێکی وەک پیاهەڵدان و /یان پەســندانی ئەو کەسانە کە خاوەنینی، و هەروەها لەوانەیە پەرەپێدان یان چاندنــی خووە «کەرامەتگەرایانەکانی» کەســایەتی و کارەکتەری مرۆڤ خــۆی. ئەگەر بە پێچەوانەوە، کەرامەتــی مرۆیی جۆرێک *بەها* یــان *بایەخە* (هــەروەک تێڕوانینە بەناوبانگەکــەی ئیمانوێل کانت بۆ کەرامەت وەک بەهایەک «لە سەرووی هەموو نرخێکەوە» Kant 1785/1996: 43)، لەو حاڵەتەدا هۆکار و پاســاوی گونجاومان بۆ پارێزگاری لێکردن، برەوپێدان، ڕاگرتن و پاراستن، بەرزڕاگرتن، گەڕاندنەوە و سازکردنەوە و ڕەنگە تەنانەت بەوپەڕی خۆی گەیاندنیمان، ئەگەر دەست بدات، دەبێت. مافی مرۆڤ بۆ ژیان و هەلومەرجە ماددییەکانی بەرهەمێکی شهوودیی ئەم خوێندنەوە و تێگەیشتنە لە کەرامەتی مرۆییە. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر وەک دۆخێکی یاسایی (Waldron 2012 and 2015)، ئەخلاقی (Gilabert 2018b; Lee & George 2008) یان کۆمەڵایەتی (Etinson 2020; Killmister 2020) خوێندنەوە بۆ کەرامەتی مرۆیی بکەین، ئەوا ئەرکەکانی «ڕێزگرتن» بە شێوەیەکی سروشتیتر بە دوایدا دێن.

هیچکام لەم بژاردانە گۆڕەپانەکە قۆرخ ناکات و بەر لەوانی تر ناگرێت. لە بنەڕەتدا کەرامەتی مرۆیی دەتوانێت ئاماژە بە هەموو ئەم شــتانە بێــت: بەها، پێگە و دۆخ، و ڕەوشــتبەرزی. بەڵام ئەگەر کەرامەتی مرۆیی، مافەکانی مرۆڤی لێ بکەوێتەوە، ئەوە گرێدراوە بەمەی کە ڕێک چلۆن لە پێداویستییە کردەییەکانی لەژێر ڕۆشنایی سروشت و بنچینەکانی تێدەگەین. ئەم لێکدانەوە کردەییە کەرەستەی کاری تێگەیشتنێک لە کەرامەتی مرۆییە. دەرەنجامی ئەمە زۆربەی کات یەک یان چەند بنەما و ڕێکاری گشــتییە: بۆ نموونە، سووکنەکردن و بە کەم نەزانین، قەت وەک کەرستە و ئامرازێک چاو لە کەسانی تر نەکەین و ئاوا لەگەڵیان نەجووڵێینەوە، جووڵانەوەی بەجێ و ڕەوا لەگەڵ کەســانی تر، خۆپاراســتن لە توندوتیژی و زەبروزەنگی قــووڵ، ڕێزگرتن لە خودموختاری و هتد. ئاســۆی بونیاتنانی مافەکانی مرۆڤ لەســەر بنەمای کەرامەتی مرۆیی لەم ســەردەم و قۆناغەدا بەرەوڕووی گەلێک ئاســتەنگ و ئاڵنگاریی گرنگ بووەتەوە. وەک لە باسی پێشوومان سەبارەت بەو ڕێبازانەی لەسەر بنچینەی بکەرێتی داڕێژراون بینیمان، هەرچی بنەمایەکی کەرامەتگەرایانە تایبەتتر و تاقانەتر بێت، کەمتر دەکرێت وەک بنچینەیەکی گشتگیر و گشتلایەنە بۆ لیستە ســتانداردەکانی مافەکانی مرۆڤ بە هەموو فرەچەشــنیی خۆیانەوە حسێبی لەسەر بکردرێت. لە لایەکی دیکــەوە، کۆمەڵەیەکی فرەییگەرایانەی بنەمــا بنچینەییەکان، کەرامەتی مرۆیی دەکاتە ســەرچاوەیەکی باشــتر بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەڵام ڕوون نییە کە بەم کارە تەنیا ناوەرۆکی ئاماژەیی و ناڕاســتەوخۆی شــی

دەکەینــەوە یاخود بەهاکان و نۆرمەکانی تر دەهێنینە ناوەوە تا بوارە نادیارەکەی پڕ بکەینەوە. ئەمەش ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات کە بەهاکان و نۆرمەکانی وەکوو گەشە و پێشخستنی خۆشبژێویی مرۆڤ؛ بکەریّتی/ خودموختــاری؛ و دادپەروەری تا ڕادەیەک لە پێکهێنانی ئایدیــای کەرامەتی مرۆییدا دەور ببینن، نەک پێچەوانەکەی کە ئەو بەها و نۆرمانە لە کەرامەتی مرۆیی سەرچاوە بگرن (بڕوانە Macklin 2003).

## ٣. کام مافانە مافەکانی مرۆڤن؟

لەم بەشەدا لەسەر ئەو پرسیارە دەدوێین کە کام مافانە لە لیستەی مافەکانی مرۆڤدا جێ دەگرن. لیستەی مافەکانی جاڕنامەی جیهانی کە گەلێکیش کاریگەر بووە و جێی خۆی کردووەتەوە لە شەش تاقم پێک دێت:

١. مافە ئەمنییەکان کە مرۆڤەکان لە هەمبەر کوشتن، ئەشکەنجە و جینۆساید دەپارێزن؛

٢. مافەکانی ڕێکاری یاسایی کە مرۆڤەکان لە هەمبەر سزای هەڕەمەکی و بێسەروبەرە و لەڕادەبەدەر بەزەبر و توندوتیژ دەپارێزێت و پێویســتیی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و بەئاشکرا بۆ ئەوانەی بە ئەنجامدانی تاوان تۆمەتبار کراون دێنێتە ئاراوە؛

٣. مافەکانی پەیوەســت بە ئــازادی کە ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لــە بوارەکانی وەک بیروباوەڕ، ڕادەربڕین، ئەندامبوون و پێکهێنانی کۆمەڵ و ڕێکخراوە، و بزووتنەوە دەپارێزن؛

٤. مافە سیاســییەکان کە ئازادیی خەڵک بۆ بە بەشــداریکردن لە سیاسەت لە ڕێگەی ئەندامبوون و پێکهێنانی کۆمەڵ و ڕێکخراوە، ناڕەزایی دەربڕین، خۆپێشــاندان، دەنگــدان و ڕاژە لە فەرمانگە حکوومییەکان دەپارێزن؛

٥. مافەکانی پەیوەســت بە یەکسانی کە هاووڵاتێتیی یەکسان، یەکسانی لە بەردەم یاسا و ڕزگاری لە هەڵاواردن گەرەنتی و مسۆگەر دەکەن؛ و

٦. مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە لەســەر حکوومەتەکان واجب دەکەن کە کۆیلەتی و کاری زۆرەملی یاساخ بکەن، هەلومەرجی کارکردنی پارێزراو و ئەمن بڕەخسێنن و ئەو دڵنیاییە بدەن کە کار، پەروەردە، خزمەتگوزاریی تەندروستی و ئاستێکی شیاوی ژیان بۆ هەمووان دابین دەبێت و

دەستیان پێ ڕادەگات.

تاقمی حەوتەمیش کە مافەکانی کەمینە و گرووپەکانە بە پەیماننامەکانی دواتر هاتە ئاراوە. ئەم تاقمە لە مافەکانی مرۆڤ ئافرەتان، کەمینە ڕەگەزی و ئەتنیکییەکان، گەلانی ڕەسەن، منداڵان، کرێکارانی کۆچبەر و کەمئەندامان دەپارێزن. ئەم لیستە لە مافەکانی مرۆڤ لەڕووی پێودانگییەوە فرەچەشن دەردەکەوێت: ئەو بابەت و پرسانەی کە دەپەرژێتە سەریان بریتین لە ئاسایش، ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی لە بەردەم یاسا، دەستڕاگەیشتن بە کار و هەلومەرجی گونجاوی کارکردن، هەڵسوکەوتی لەڕادەبەدەر زۆردارانە و دڕندانە، و بەشداریی سیاسی.

سەرەڕای ئەو لیستە بەربڵاوەی سەرەوە، هەموو پرسێکی بواری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و حوکمڕانیی ژیرانە بابەتێکی مافی مرۆیی نییە. بۆ نموونە، دەکرێت وڵاتێک بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی مرۆڤی پێشێل کردبێت، هەژمارێکی لەڕادەبەدەر پارێزەری هەبێت یاخود بەڕادەی پێویست بۆ خوێندنی باڵای دوای بەکالۆریۆس تەیار نەبێت و هەلومەرجی نەگونجاندبێت. بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە کام پێودانگانە دەبێ بە مافەکانی مرۆڤ دابندرێن، بابەتێکی بەڕاستی قورسە. و گوشارێکی بەردەوامیش لە ئارادایە کە پەرە بە لیستەکانی مافەکانی مرۆڤ بدرێت و بەربڵاوتر بکردرێن بە جۆرێک کە بوارگەلی نوێش بگرنە خۆ. زۆربەی بزاڤە سیاسییەکان گەرەکیانە نیگەرانی و پرسە سەرەکییەکانیان وەک مژاری مافی مرۆیی پۆلێن بکەن، چونکە ئەمە وا دەکات ئەو پرس و نیگەرانییانەیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بەربڵاو و جەماوەری بینەوە و برەو و ڕەواییان پێ بدرێت. دەرئەنجامێکی ڕێتێچووی ئەمەش «هەڵاوسانی مافەکانی مرۆڤ»، واتە دابەزینی بایەخ و بەهای مافەکانی مرۆڤ لە ئاکامی بەرهەمهێنانی گەلێک مافی مرۆڤی نەشیاو و ناڕێکە، ڕێک هاوشێوەی هەڵاوسان و بێنرخبوونی دراوی وڵاتێک لە ئاکامی چاپی نەگونجاوی پارە. (بڕوانە Cranston 1973; Orend 2002; Wellman 1995; Griffin 2008).

یەکێک لە ڕێگاکانی پێشگرتن لە هەڵاوسانی مافەکان شۆپاندنی کرانستۆنە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مافەکانی مرۆڤ تەنیا سەروکاریان لەگەڵ چاکە، پاراستن و ئازادییە ئێجگار گرنگەکان هەیە. ڕێگایەکی تر ئەمەیە کە چەند تاقیکاریی پاساودەرانە بۆ مافە تایبەتەکانی مرۆڤ بسەپێنین. بۆ نموونە، دەکرێت پێویست بێت کە مافێکی پێشنیارکراوی مرۆڤ نەتەنێ پارێزگاری لە هەندێک چاکەی زۆر گرنگ بکات، بەڵکوو لە هەمبەر یەک یان چەند هەڕەشەیەکی سروشتی و جددی بۆ سەر ئەم چاکەیەش وەڵامدەر بێت (Dershowitz 2004; Donnelly 1989 [2003]; Shue 1996; Talbott 2005)، و

ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییانەی کە دەیانخاتە ئەستۆی ڕاسپاردەکراوان و ئەرکهەڵگران دەبێ پاساوهەڵگر بــن و لە ڕادەی پێویســت گەورەتر نەبن، و لــە زۆربەی وڵاتانی جیهان مەیســەر بن و بکرێت جێبەجێ بکردرێن (بۆ بابەتی مەیسەربوون و دەستدان بڕوانە ;Gheaus 2022; Gilabert 2009; Nickel 2007 and Richards 2023). ئــەم ڕێکارە بە چەند تاقیکاری پێش بە هەڵاوســانی مافەکانی دەگرێت، نەک تەنیا تاقیکردنەوەیەکی سەرەکی.

لە بڕیاردان لەســەر ئەمەی کــە کام پێودانگانە دەبێ بــە مافی مرۆڤ ڕەچــاو بکردرێن، بۆی هەیە نۆرمگەلێکی یان لە ڕادەی پێویســت کەمتر یاخود زۆرتر بخەینــە ناو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی وەک جاڕنامــەی جیهانی و کۆنڤانســیۆنی ئەورووپی. هەر کات بەو ئاراســتەیەدا هەنگاو بنێین کە داڕشــتنی لیســتەیەک لە مافە گرنگەکان پرسێکی نوێیە کە پێشــتر هیچکات نەپەرژاونەتە سەری، و هەروەها هیچ ئەقڵمەنــدی و حیکمەتێکی کردەیی لــەو مافە هەڵبژاردانــەی چوونەتە ناو بەڵگەنامــە مێژووییەکانەوە نادۆزرێتە و بوونی نییە، دەکەوینی داوی ئەو هەڵەیە کە پێودانگێکی کەمتر لە ڕادەی پێویســت بە مافی مرۆڤ دیاری بکەین و لیســتەکەمان کەمایەســیی تێدا بێت. لە بەرانبەردا، هەر کات وای دانێین کە ئەم بەڵگەنامانە هەموو ئەو شتانەمان پێ دەڵێن کە پێویستە لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ بزانین، دەکەوینە داوی زۆر تێگرتنەوە و پێودانگەلێکی زۆرتر لە پێویست دەخەینە لیستەی مافەکانی مرۆڤەوە. ئەم ڕێبازە چەشنێک بناژۆخوازی لە خۆ دەگرێت: لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەبوونی مافێک لە لیستەی فەرمیی مافەکانی مرۆڤدا، پێگــە و دۆخی وەک مافێکی مرۆڤ یەکلایی دەکاتەوە («هەموو ئەوەی کە پێویســتە بیزانم لەم کتێبەدا هاتووە»). بەڵام پرۆســەی دەستنیشانکردنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان و شوێنەکانی تردا پرۆسەیەکی سیاسی بوو کە کەمایەسی و کەموکووڕییەکی زۆری تێدا بوو. ئەستەمە بتوانین بیسەلمێنین کە دیپلۆماتکارە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن بڕواپێکراوترین ڕێپیشاندەر بۆ دیاریکردنی مافەکانی مرۆڤ بن. جگە لەمەش، تەنانەت ئەگەر پەسندکردنی پەیماننامەیەک لە لایەن زۆربەی وڵاتان بتوانێت ئەم پرسیارە یەکلایی بکاتەوە کە ئاخۆ مافێکی دیاریکراو مافێکی مرۆڤ لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییە، ئەوا وەها پەیماننامەیەک ناتوانێت قورسایی و پتەویی ئەو مافە یەکلایی بکاتەوە. پەیماننامەکە لەوانەیە بانگەشەی ئــەوە بکات کە ئەو مافە گەلێک بەڵگە و هۆی پتەو و گرنگی لە پشــتە، بەڵام تەنیا ئیدعای پەیماننامەکە خۆی ناتوانێت ئەو مافە پشتڕاســت بکاتەوە و پاســاوی بدات. ئەگەر پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی مافی سەردانیکردنی بە بەلاشی پارکە نەتەوەییەکان وەک مافێکی مرۆڤ تێپەڕێنێت، پەسندکردنی پەیماننامەکە وا دەکات دەستپێڕاگەیشــتنی ئازاد بە پارکە نەتەوەییەکان ببێت بە مافێکی مرۆڤ لە چوارچێوەی یاسای

نێودەوڵەتیدا، بەڵام زۆر ئەستەمە قەناعەتمان پێ بهێنێت کە دەستپێڕاگەیشتن بە پارکی نەتەوەیی بەو ڕادەیە گرنگە کە ببێت بە مافێکی ڕاستەقینە و ڕەسەنی مرۆڤ.

## ١.٣. مافە مەدەنی و سیاسییەکان

مافە مەدەنی و سیاسییەکان تاقمێک لە مافەکانی مرۆڤن کە کەمترین موناقەشە و مشتومڕیان لەسەرە. ئەم مافانە بەهۆی مەنشووورە مێژوووییەکانی مافەکان، بۆ نموونە جاڕنامەی فەڕەنسیی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی (١٧٨٩) و مەنشووری مافەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٧٩١، بە هەموارەکانی دواتریەوە) بۆ ئێمە ناسراون. سەرچاوە هاوچەرخەکانی ئەم مافانە بریتین لە ٢١ ماددەی یەکەمی جاڕنامەی جیهانی، و پەیماننامەکانی وەک کۆنڤانسیۆنی ئەورووپی، پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کۆنڤانسیۆنی ئەمریکیی مافەکانی مرۆڤ، و مەنشووری ئەفریقیی مافەکانی مرۆڤ و گەل. هەندێک لەو گەڵاڵە و داڕشتنانەی دەرخەری ئەو مافانەن لێرەدا دەهێنین:

> هەموو کەس مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕینی هەیە. ئەم مافە ئازادیی گەڕان و لێکۆڵین، وەرگرتن و گەیاندنی زانیاری و بیرۆکە و ئایدیاکان لە هەر چەشنێک بن و بەبێ گوێدان بە سنوورەکان دەگرێتەوە، جا چ بە شێوەی زارەکی یان بە نووسین، یان بە چاپ، یان لە شێوەی هونەردا یاخود هەر ڕێگا و کەرەستەیەکی تر بێت کە خۆی دەخوازێت. (کۆنڤانسیۆنی ئەمریکیی مافەکانی مرۆڤ، ماددەی ١٣.١)

> هەموو کەس مافی ئازادیی گردبوونەوە و خۆپێشاندانی ئاشتییانە و ئازادیی ئەندامبوون و پێکهێنانی کۆمەڵ و ڕێکخراوە لەگەڵ کەسانی تر، بۆ نموونە مافی پێکهێنان و پەیوەستبوون بە سەندیکا و یەکێتیی پیشەییەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەیە. (کۆنڤانسیۆنی ئەورووپی، ماددەی ١١)

> هیچ کەس نابێت بکەوێتە بەر دەستتێوەردانی سەرەڕۆیانە یان نایاسایی بۆ سەر سنووری کەسی، خێزان، ماڵ یاخود پەیوەندی و نامەگۆڕینەوەکانی، و هەروەها بەر هێرش و پەلاماری نایاسایی بۆ سەر شەرەف، ئابڕوو و ناوبانگیەوە. هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لە هەمبەر وەها دەستتێوەردان و پەلامارگەلێک لە پارێزراوبوون لە لایەن یاساوە بەهرەمەند ببێت. (پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ١٧)

زۆربەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان ڕەها نین –دەکرێت هەندێک جار بەهۆی سەرنج و بابەتی ترەوە چاوپۆشی و سەرپێچییان لێ بکردرێت. بۆ نموونە، دەکرێت مافی ئازادیی جوولە و هاتوچۆ بە مافی خاوەندارێتیی گشتی و کەسی، بە فەرمان و ڕاسپاردەی پێشگیرانە لە پەیوەندی لەگەڵ توندوتیژیی ناوخۆییدا، و بە سزای یاساییەوە سنووردار بکردرێت. جگە لەمەش، دوای کارەساتێکی وەک باهۆز یان بوومەلەرزە زۆر جار جوولە و هاتوچۆی ئازادانە بە شێوەیەکی گونجاو ڕادەگیرێت تا ئەو کەسانەی کونجکۆڵن و خۆ تێهەڵدەقوتێنن لە دۆخەکە بەدوور بگرن، ڕێگەی دەست پێڕاگەیشتن و خزمەتگوزاریی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی تری فریاگوزاری بدرێت، و هەروەها پێش بە تالان و دزی بگیرێت. پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان ڕێگە بە هەڵپەساردنی زۆربەی مافەکان لە کاتی «باری نائاسایی گشتی کە ژیانی نەتەوە دەخاتە بەر مەترسی و هەڕەشەوە» دەدات (ماددەی ٤ی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان). بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە هەڵپەساردنی بەشێک لە مافەکان نادات، لەوانەش دەکرێت ئاماژە بکەین بە مافی ژیان، قەدەغەکردنی ئەشکەنجە، قەدەغەکردنی کۆیلەتی، قەدەغەکردنی سەپاندنی یاساکانی تاوان بۆ ئەو کردەوانەی بەر لە دەرچوونی یاساکە ئەنجام دراون، و ئازادیی بیرکردنەوە و ئایین.

## ٢.٣. مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

جاڕنامەی جیهانی کۆمەڵێک مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی ("ESRs") لە خۆ دەگرێت کە باس لە بابەتەکانی وەک پەروەردە، خۆراک، خزمەتگوزاریی تەندروستی و کار و دامەزران دەکەن. لەگەڵخستن و هێنانی ئەو مافانە لەم جاڕنامەیەدا ئاخێزگەی مشتومڕ و موناقەشەیەکی زۆر بووە (بڕوانە Beetham 1995). کۆنڤانسیۆنی ئەورووپی جێی بۆ ئەو مافانە نەکردەوە (هەرچەندە دواتر هەموار کرایەوە و مافی خوێندن و پەروەردەی تێدا گونجێندرا). لەبری ئەمەش، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان خرانە ناو پەیماننامەیەکی جیاوازەوە کە ئەویش مەنشووری کۆمەڵایەتیی ئەورووپا بوو. کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی کرد بە گونجاندنی مافەکانی ناو جاڕنامەی جیهانی لە یاسای نێودەوڵەتیدا، هەمان ڕێچکەی گرتە بەر و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لە پەیماننامەیەکی جودا لەوەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان بوو هێنا. ئەم پەیماننامەیە کە ناویان نا پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (ICESCR، ١٩٦٦) وەک ماف هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم ستانداردانەدا دەکرد –هەڵبەت مافگەلێک کە دەبێ وردە وردە بەدی بهێنرێن.

ئــەو مافانەی لە پەیمانــی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتــی و کولتوورییەکاندا جێ دەگرن بریتیــن لــە: ڕزگاری لە کۆیلەتی و کاری زۆرەملــی؛ داهات و خزمەتگوزارییەکانی وەک پێویســت بۆ دابینبوونی خۆراک، ئاو، جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون؛ هەلومەرج و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی تەندروســتی؛ پەروەردەی گشــتیی بەخۆڕایی؛ ئازادیی کارکردن؛ ئیمکانی هەڵبژاردنی پیشە و هەبوونی دەرفەتی گونجاو و وەک پێویست بۆ دامەزرانی بەداهات؛ هەقدەستی دادپەروەرانە و هەلومەرجی دڵنیای کارکردن؛ ئاسایشــی کۆمەڵایەتی؛ یەکسانی بۆ ئافرەتان لە شوێنی کاردا، لەوانەش هەقدەستی یەکسان بۆ کاری یەکسان؛ ئازادیی پێکهێنانی سەندیکا و یەکێتیی پیشەیی و ئازادیی مانگرتن؛ پاراستن و پشتگیریی تایبەت بۆ دایکان و منداڵان؛ پشوودان، حەسانەوە و کاتی بەتاڵیی وەک پێویست؛ و نەبوونی هەڵاواردن و جیــاکاری لە ڕێزگرتن، پاراســتن، بەدیهێنــان و جێبەجێکردنی ئەم مافانە. لــەڕووی بەها و نۆرمگەلی بنەڕەتییەوە، هەندێک لەم مافانە خۆشبژێوی-تەوەرن، هەندێکی تریان دادپەروەری-تەوەرن، و هەندێکی تریشیان ئازادی-تەوەرن (Nickel 2022b).

ماددەی ٢.١ی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ڕوونی دەکاتەوە کە هەریەک لە لایەنەکان چ شتێک وە ئەستۆ دەگرێت کە سەبارەت بەم لیستە جێبەجێی بکات و بەجێی بهێنێــت، واتە «هەڵگرتنی ئــەو هەنگاوانەی کە بە جیا و لە ڕێگەی یارمەتــی و هاوکاریی نێودەوڵەتی... بۆ بەوپەڕی خۆی گەیاندنی ســەرچاوەکانی بەردەستی بە ئامانجی دەستەبەرکردنی هەنگاو بە هەنگاوی بەدیهاتنــی تەواوەتیی ئەو مافانەی کە لەم پەیمانەدا بەفەرمی ناسراون و دانیــان پێدا نراوە». لە بەرانبەردا، پەیمانی مەدەنی و سیاســی ئەمە دەخاتە ئەســتۆی واژۆکەرانی و دەروەســتیان دەکات کە دەســتبەجێ گوێڕایەڵــی بن و بەجێی بهێنــن، بەو مانایە کە «ڕێز لەو مافانە بگرن کە لەم پەیمانــەدا دانیان پێدا نراوە و بەفەرمی ناسراون و سەبارەت بەم مافانە دڵنیایی بە هەموو تاکەکانی ناو خاکەکەیان بدەن» (ماددەی ٢.١ی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاســییەکان). جیاوازیی نێوان ئەو دوو ئاســتە لە وەئەستۆخستن و دەروەستییە وای کردووە هەندێک کەس گومانیان هەبێت کە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەڕاستی ئامانج و مافگەلێکی خاوەن بەها و بایەخن. ئەگەر ئەم ستاندارادانە وەک ئەرکگەلێک مامەڵەیان لەگەڵ بکرابایە کە دەبوو دەســتبەجێ و بێ ئەملا و ئەولا ملکەچیان بن و بەجێیان بهێنن، بە دڵنیاییەوە زۆربەی وڵاتان نەیاندەتوانی جێبەجێیان بکەن و بە پێشێلکەری ئەو مافانە لە قەڵەم دەدران.

زۆربەی جار بە ئارگیومێنتگەلی پێکبەستنەوە بەرگری و داکۆکی لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

دەکردرێت کە تێیاندا بانگەشـەی ئەوە دەکردرێت کە ئەم مافانە پاڵپشـت و پشـتیوانی زۆر پێویست بۆ بەدیهاتنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانن. ئەم ڕێچکەیە لەڕووی فەلسەفییەوە بۆ یەکەم جار لە لایەن هێنری شووەوە گەلاڵە و باس کراوە. هێنری شوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئاسایش و گوزەرانی ژیان دوو خاڵی زۆر پێویسـت و حاشـاهەڵنەگر بۆ بەدیهاتنی تەواوەتیی مافەکانی ترن، بە جۆرێک کە هەر کەسێک کە پشـتگیری لە بەدیهاتنی هەر مافێکی تر بکات دەبێ پشـتگیری لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش بـکات (Shue 1980؛ بۆ شرۆڤە و هەڵسـەنگاندنی ڕەخنەگرانەی ئارگیومێنتەکانی پێکبەسـتنەوە بڕوانە (Nickel 2007, 2016, and 2022a).

گەلـۆ ئـەو بەرژەوەندییە مرۆییانەی مافە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکان پارێزگارییـان لێ دەکەن بە ڕادەی پێویست گرنگن؟ مۆریس کرانستۆن بە ئاماژەکردن بەوەی کە ئەو مافانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە پەیوەندی لەگەڵ بابەت و پرسـگەلێکی وەک پشووی بێ کەمکردنەوەی مووچەن، کە بەرژەوەندییەکی مرۆیی قـووڵ و جیهانداگـر تێیاندا نابیندرێـت، دژایەتیی مافـە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد (Cranston 1967, 1973؛ ئەوانـەی کـە دژایەتیی مافـە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیـان کردووە و لە هەمبەریان وەسـتاونەتەوە بریتین لـە Beetham 1995; Howard 1983; and Nickel 2007). بەڵام ئەم تێڕوانینە کە زۆربەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تەنیا پەیوەسـت بە بەرژەوەندییە ڕووکەشی و ناگرنگەکانن زۆر دوورە لە ڕاستی. دوو نموونە لەبەرچاو بگرن: مافی هەبوونی ئاستێکی گونجاوی ژیان و مافی پەروەردەی گشتیی بەخۆڕایی. یەکەمیان داوا لە حکوومەتەکان دەکات کە بە سەختی کار بکەن بۆ چارەسـەرکردن و قەرەبووکردنەوەی نەهامەتی و خراپەی بەربڵاو و جددی وەک هەژاریی ڕژد، برسێتی، قاتوقڕی، بەدخۆراکی و نەزانی. گرنگیی خۆراک و هەلومەرجە ماددییە سەرەتاییەکانی تری ژیان لە کەس داپۆشراو نییە. ئەم کاڵایانە بۆ توانایی ژیان، کارکردن و گەشەکردنی مرۆڤ زۆر گرنگ و گەوهەرین. بەبێ دەستڕاگەیشـتنی بەپێی پێویسـت و گونجاو بەم کاڵایانە، بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لە ژیان، تەندروستی و ئازادیدا دەکەونە بەر مەترسـی و هەڕەشەوە و ئەگەری نەخۆشـیی قورس و مردن دێتە ئاراوە. نەبوونی دەرفەتـی خوێندن و پەروەردە زۆربەی کات توانایی خەڵک بۆ بەشـداریی تـەواو، کارا و چالاکانە لە ژیانی سیاسی و ئابووریی قەزاکەیاندا سنووردار و بەرتەسک دەکاتەوە (هەم بە شێوەیەکی ڕەها و هەم بە بەراورد).

گەلۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان زۆر قورسن؟ یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی بەرهەڵستی لەگەڵ

مافــە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیــە کە ئەرکێکی زۆر قورس دەخەنە ئەســتۆی ئەرکهەڵگرانیان. مسۆگەر و دابینکردنی پەروەردەی سەرەتایی و ئاستێکی لانیکەمیی هەلومەرجە ماددییەکان بۆ هەمووان زۆر گــران دەکەوێت. بە بەردەوامی بانگەشــەی ئــەوە کردن کە مافە ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکان زۆر قورســن دەری دەخات کە ئەم مافانە بە شــێوەیەکی بەرچاو لە مافەکانی پەیوەســت بە ئازادی قورســتر و گرانــترن. بەڵام وای دانێــن کە وەک بنەمایەک بۆ بەراوردکردن، مافەکانی پەیوەســت بە ئازادی وەک ئازادیی گەیاندن، ئەندامبوون و پێکهێنانی کۆمەڵ و ڕێکخراوە و جووڵە و هاتوچۆ لەبەرچاو بگرین. ئەم مافانــەش دەبێ لە لایەن حکوومەتەکانەوە هەم ڕێزیان لێ بگیردرێت و هەم پارێزگارییان لێ بکردرێت. و تا کاتێک کە خەڵک ئاسایش و مافی ڕێکاری یاساییان نەبێت ناکرێت لە بابەت بەهرەمەندبوونیان لە ئازادییەکانی وەک ئەمانە وەک پێویست دڵنیا و پشتگەرم بن. بەم پێیە وا دیارە تێچووی ئازادی تێچووی یاســا و دادپەروەریی تاوانیش لە خۆ دەگرێت. کاتێک لەم سۆنگەیەوە چاو لە بابەتەکە دەکەین دەبینین کە مافەکانی پەیوەست بە ئازادی زۆر گرانترن و تێچووی زۆریان هەیە.

جگە لەوەش، بە شــێوەیەکی گشــتی پێویســت ناکات وا بیر لە مافە ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکان بکەینەوە کە ئەو مافانە ئەو کاڵایانەی دەیانپارێزن ساکار و بەلاش بە هەموو کەسیان دەدەن و بۆیان دابین دەکەن. ئەگەر هەمووان بەسادەیی ئەو شــتانەیان بەخۆڕایی پێ بدرێت، ڕەنگە گەرەنتیکردنی شتانێکی وەک خۆراک و خانووبەرە بە ڕادەیەک گران و پرتێچوو بێت کە لە توانا بەدەر بێت و بەرهەمهێنی لاواز بکات. دەکرێت سیستەمێکی سەقامگیری مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان وا بکات خەڵک خۆیان لە ڕێگەی کارکردنەوە ئەو کاڵایانە بۆ خۆیان و خێزانەکەیان دابین بکەن، بە مەرجێک کە دەرفەت، پەروەردە و ژێرخانــی پێویســتیان بۆ تەرخان بکردرێت. کاتێــک حکوومەت مافە ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکان ڕادەپەڕێنێت دڵنیایی دەســتەبەربوون (یاخود «دەستپێڕاگەیشــتنی پارێزراو و مســۆگەر») دێتە کایەوە و حکوومەت لێی بەرپرســیارە، بەڵام ســەرەڕای ئەمەش، زۆربەی کات پێویست نییە حکوومەت ئەرکی دابینکردنی ڕاســتەوخۆی ئەو پێداویستییانەی بۆ هەمووان لەسەر شان بێت، بەڵکوو حکوومەت تەنیا لە بەشــێکی کەمی حاڵەتەکاندا و هەندێک هەلومەرجی تایبەتدا ڕاستەوخۆ دەست بە دابینکردنی ئەم کاڵا پێویستانە دەکات.

تەنانــەت ئەو وڵاتانەش کە مافە ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکان قبووڵ ناکەن و ڕایاناپەڕێنن، دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان تێچووەکانی تەیارکردنی چاولەدەستان و بێدەرەتانان لە خۆ بگرن، چونکە پێناچێت

ئەو وڵاتانەش قبووڵی بکەن کە ڕێگە بە برسێتی و بێماڵوحاڵیی بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانیان بدرێت. ئەگەر حکوومەت خۆراک، جلوبەرگ و شـوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو بەشە لە خەڵک دابین نەکات کە ناتوانن خۆیان بۆ خۆیانی دابین بکەن، ئەوا خێزانەکان، هاوڕێیان و کۆمەڵەکان ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە سەر شان. تەنیا لە نزیکەی ئەم سەت ساڵەی ڕابردوودایە کە ئەو مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی حکوومەت پشـتگیری و جێبەجێیان دەکات، بەشـێکی بەرچاو لە ئەرکی تەیارکردنی بەشـی هەژار و چاولەدەستی کۆمەڵگەیان گرتووەتە ئەسـتۆ. باجی پەیوەسـت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییـەکان توانیویەتی ببێتە جێگرەوەی تا ڕادەیەک لە ئەرکە قورسەکانی تر، کە مەبەست ئەو ئەرکانەیە کە خێزانەکان و کۆمەڵەکان بۆ لالێدانەوە و بەتەنگەوەچوونی گونجاو بۆ بێکاران، نەخۆشان، کەمئەندامان و بەساڵاچووان لەسەر شانیان بـوو. هەر بۆیە کاتێـک دەمانهەوێت بڕیار بدەین کە ئاخۆ مافە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ بکەین و ڕایانپەڕێنین یاخود یان، بابەتەکە ناگەڕێتەوە سەر ئەو بڕیارە کە ئاخۆ ئەو ئەرکانە بگرینە ئەستۆ یاخود لێیان دەرچین، بەڵکوو بابەتەکە بڕیار لەسـەر ئەمەیە کە گەلۆ دەمانهەوێت هەر سوور بین لەسەر ئەوەی کە بەتەواوی پشت بە سیستەمگەلی دابینکردن و تەیارکردنی نافەرمی ببەستین کە هاوکارییەکان بە شـێوازێکی زۆر نارێک دابەش دەکەن و تێچووەکانیان زۆر بە نایەکسانی بەسەر خێزانەکان، هاوڕێیان و کۆمەڵەکان بڵاو دەکرێتەوە.

گەلـۆ دەکرێت مافە ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسـەری جیهانـدا جێبەجێ بکردرێن؟ لایەنێکی تری دژوەسـتان لە هەمبەر مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ئەو بانگەشـەیەیە کە دەڵێت ئەو مافانە لە زۆربەی وڵاتاندا دەسـت نادەن و جێبەجێ ناکردرێن (لەمەڕ مەیسـەربوون و دەسـتدان بڕوانە Gheaus 2013, Gilabert 2009, and Nickel 2007). دەسـتەبەرکردنی گەرەنتیـی بژێـوی ژیان و گوزەران، هەڵگرتنی کۆمەڵە هەنگاوێک بۆ پاراسـتن و گەڕاندنەوەی تەندروسـتیی خەڵک و هەروەها پـەروەردە گران دەکەوێـت. زۆرێک لە حکوومەتەکان لە کاتێکدا کە گەلێک بەرپرسـیارێتیی گرنگی تریان هەیە و بەوانەوە سـەرقاڵن، ناتوانن ئەم گەرەنتییانە دابین بکەن. مافەکان سەرچاوەی ئەفسووناویی پێدان و دابینکردن نین (Holmes & Sunstein 1999). هەروەک پێشتر بینیمان، پەیمانی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییـەکان بە گەڕانەوە بۆ ڕاپەڕاندنی بـەرە بەرە و هەنگاو بە هەنگاوی مافەکان مامەڵەی لەگەڵ پرسـی دەسـتدان و مەیسـەربوون کرد، کە بە واتای ڕاپەڕاندنێک بوو بە گوێرەی سەرچاوە داراییەکان و سـەرچاوەکانی دیکە و ئەمەی کە چەندە بواریان دەڕەخساند. بەڵام گەلۆ ئەم تێڕوانینە بۆ ڕاپەڕاندن مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کرد بە ئامانجگەلێک کە لە ئەولەویەتدا بن؟ و گەر توانی ئەم پێگەیەیان پێ

بدات، ئەمە شتێکی خراپە؟

ئەو ســتانداردانە لە ڕادەی تواناییەکانی زۆربەی ڕاسپاردەکراو و ئاراســتەکراوانیان بەدەرن دەتوانن نموونــەی باش بۆ ئەوە بن کــە چۆن وەک ئامانــج مامەڵەیان لەگەڵ بکەین. کاتێــک بە جۆرێک لەو ستانداردانە بڕوانین کە زۆرتر مەراق و ئاواتێکن بۆ هاتنەدیی دۆخێک نەک ئەوەی کە بە شوێن داسەپاندنی کۆمەڵە ئەرکێکی دەستبەجێن، دەتوانین بەر بە کێشەکانی پابەندنەبوون بەهۆی نەتوانینەوە بگرین. بەڵام لەم حاڵەتەدا دەکرێت نیگەرانییەک بێتە ئاراوە کە ئەم ڕوانینە دابەزاندنێکی زۆری ئاستی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە چونکە پێگە و کارکردی ئامانج زۆر لاوازتر لە مافە (بڕوانە O'Neill 2005 و Tomalty 2014). بەڵام دەکرێت ئامانجەکان بە شێوەیەک دابڕێژرێنەوە کە زۆرتر لە مافەکان بچن. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین هەندێک تایبەتمەندی و توخمی ســەرەکی بدەین بە ئامانجــەکان و بۆیان دیاری بکەین، کە بریتین لە: ڕاســپاردەکراوان (ئەو لایەنانەی بڕیارە ئامانجەکە بگرنە پێش و بەدیی بهێنن)، ســوودمەندان، ئــەو بوار و پانتاییانــەی کە ئەو ئارمانجانە گەڵاڵــە دەکەن کە بڕیارە پێیان بگەیــن و ئەولەویەتێکی زۆر (بڕوانــە Langford, Sumner, & Yamin 2013 and Nickel 2013؛ هەروەهــا بڕوانە نووســینگەی کۆمیســیارانی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بــۆ مافی مرۆڤ (OHCHR) و ئەجێندای ســاڵی ٢٠٣٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشــەپێدانی بەردەوام). لەم حاڵەتەدا دەکرێت بە زۆر هۆکار و پاساوی بەهێز گرنگیی ئەم ئامانجانە بسەلمێنرێت. و دەزگا و لایەنەکانی چاودێری دەکرێت چاودێری بەسەر ئاستەکانی بەرەوپێشچوون و بەدیهاتنی ئەو ئامانجانە بکەن و زەخت بخەنە سەر ئەو ڕاسپاردەکراوانەی لە ئاستێکی نزمدا ڕایانپەڕاندوون یاخود کارەکەیان بە گوێرەی پێویست نەبووە، تاکوو گرنگی بە ئامانجەکانیان بدەن و زۆرتر کار لەسەر بەدیهێنانیان بکەن.

ئەمەی کە وەک ئامانج مامەڵە لەگەڵ مافە زۆر قورس و پڕئەرکەکان بکەین هەندێک قازانج و لایەنی ئەرێنیی هەیە. ئامانجەکان تەنانەت لە کاتێکدا کە ئاســتی توانایی بۆ دەســتەبەرکردنیان و گەیشتن پێیان زۆر کەمیش بێت بەسانایی وەک ئامانج دەمێننەوە. هەروەها ئامانجەکان بە باشی خۆیان لەگەڵ دۆخەکە دەگونجێنن: ڕاسپاردەکراوان، بە ئاستی توانایی جیاوازەوە، دەتوانن ڕێگاکانی تایبەت بە خۆیان بۆ شۆپاندن و گرتنەبەری ئامانجەکان بە جۆرێک هەڵبژێرن کە لەگەڵ هەلومەرج و ئامرازەکانیان بگونجێت. بەهۆی ئەم لایەنە سەرنجڕاکێشانەیەوە، شایەنی ئەوەیە کە لە ڕێگا ئاڵۆزەکانی گۆڕینی مافە قورس و پڕئەرکەکانی مــرۆڤ بۆ ئامانج بکۆڵینەوە. ئەم گۆڕین و بە شــێوەی ئامانج دەرهێنانە دەکرێــت بە تەواوەتی یاخود تا

ڕادەیەک و تەنیا بۆ بەشێکی بێت. یەک لە ڕێگاکان ئەوەیە کە ئاوێتەیەک لە ماف و ئامانج پێک بێنین کە هەندێک توخمی ئیجباریی تێدا بێت (بڕوانە Brems 2009). ئاوێتەیەکی ماف-ئامانج دەشێ هەندێک ئامانجی لەوێنەی ماف، هەندێک هەنگاوی ئیجباری کە دەبێ دەستبەجێ هەڵبێنرێن، و کۆمەڵە ئەرکێک بۆ بەدیهێنانی هەرچی زووتری ئەو ئامانجانەی لە گوێن مافن لە خۆ بگرێت.

گەلۆ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی پێویست پابەند بە یەکسانین؟ لە هەردوو لایەنی ڕاستی سیاسی و چەپی سیاسییەوە دژایەتی و بەرهەڵستی لەگەڵ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان وەک مافەکانی مرۆڤ کراوە. ڕەهەندێکی باوی دژایەتیی باڵی چەپ کە یەکسانیخوازانی لیبراڵ و سۆسیالیستەکان دەگرێتەوە، ئەمەیە کە ئەو مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لە بەڵگەنامە و پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون ئاستێکی زۆر لاواز لە دەروەستی و پابەندبوون بە یەکسانیی ماددی دەدەن بە دەستەوە (Gilabert 2018a and Moyn 2018). بەدیهاتنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەخوازێت کە حکوومەتەکان ئاستێکی لانیکەمیی بەپێی پێویست و گونجاو لە سەرچاوەکان لە هەندێک بواری سەرەکیدا بۆ هەمووان دابین و مسۆگەر بکەن، بەڵام ئەو ئەرکە ناخاتە ئەستۆیان کە بەچڕی پابەند بە یەکسانیی دەرفەتەکان، باجدانی دابەشکارانە یان زۆرینەی سامان بن (بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە وتارەکانی «یەکسانی»، «دادپەروەریی دابەشکارانە» و «لیبراڵ فێمینیزم» لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرددا).

یەکسانیخوازان ناتوانن لەم سۆنگەیەوە ناڕەزایی و دژایەتیی خۆیان دەرببڕن کە بەڵگەنامە و پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ هیچ سەرنج و نیگەرانییەکیان لە ئاست ئەم خەڵکەدا نییە کە لە هەژاری، نەهامەتی و مەینەتیدا دەژین. چونکە یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی گونجاندنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە بەڵگەنامە و پەیماننامەکانی مافی مرۆڤدا برەودان و پێشخستنی هەوڵە جددییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری، نەخوێندەواری و بارودۆخی ناتەندروستی ژیان لە وڵاتانی سەرانسەری جیهان بوو (هەروەها لەمەڕ ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕوانە Langford, Sumner, & Yamin 2013). هەروەها ئەو بەرهەڵستییە لەگەڵ مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ناتوانێت دروست بێت کە دەڵێت مافەکانی مرۆڤ ڕێگە بۆ پووکانەوە و لاوازبوونی سیستەمەکانی مافەکانی خۆشبژێوی لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا خۆش دەکات کە لە دوای ساڵی ١٩٨٠دا هاتە کایەوە (بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر ڕەخنە لەم ڕوانگەیە بڕوانە Song 2019). ئەو داشکاندن و لێبڕینە لە پرۆگرامەکانی خۆشبژێوی زۆربەی کات پێشێلکردنی پێداویستییەکانی بەدیهاتنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بوو.

دەشــێ دان بــەوەدا بنرێت کــە بەڵگەنامە و پەیماننامەکانــی مافەکانی مرۆڤ بە ڕادەی پێویســت سەبارەت بە ڕێوشوێن و هەنگاوە ئیجابییەکان بۆ پێشخستنی دەرفەتی یەکسان لە پەروەردە و کاردا قسەیان نەکردووە. مافێکی ئیجابی بۆ دەرفەتی یەکســان، وەک ئەوەی ڕاولز پێشــنیازی کرد، وڵاتان دەروەست دەکات کە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی جددی بگرنە بەر بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی و جیاوازییەکان لە نێوان ئەو دەرفەتانەی بە شێوەیەکی کاریگەر لەبەردەستی منداڵانی بنەماڵە پڕداهات و کەمداهاتەکاندایە (بڕوانە Rawls 1971 و وتاری «یەکسانیی دەرفەت» لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرددا).

پرۆگرامێکی سیاسیی ئێجگار یەکسانیخوازانە باشتر وایە تەنیا تا ڕادەیەک لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤــدا بگیرێتە بەر و زۆربەی کات لە ســەرووی ئەو چوارچێوەیە بشــۆپێندرێت و پەیڕەو بکردرێت. هۆکارێــک بۆ ئــەم بابەتە ئەوەیە کە بزووتنــەوەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەگەری ئــەوەی کە بە بەربڵاوی لەڕووی سیاســییەوە قبووڵ بکردرێت، ئاســۆیەکی ڕوونتری بۆ قبووڵکران و پاڵپشــتیکرانی بەردەوامی دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەو مافانەی کە پشتگیرییان دەکات و پشتڕاستیان دەکاتەوە بۆ کەسانێک بە تێڕوانینی سیاسیی فرەچەشن و جۆراوجۆر، لە چەپی ناوەڕاست تا ڕاستی ناوەڕاست، سەرنجڕاکێش بن. ئەگەر پلاتفۆرمی مافەکانی مرۆڤ زۆرتــر وەک پرۆگرامێکی چەپگەرایانە دەربکەوێت و لێکدانەوەی بۆ بکردرێت، ئەو ئەگەرە زۆر لاواز دەبێت کە پشــتگیریی ناوەندی سیاســی بۆ خۆی ڕابکێشێت و ئەو بزووتنەوەیە بە زیندوویی بمێنێتەوە.

## ٣.٣. مافەکانی مرۆڤی ئافرەتان، کەمینەکان و گرووپەکان

یەکســانیی مافەکان بۆ ئەو گرووپانەی بە شــێوەی مێژوویی بەشــبڕاو و ژێردەست بوون بابەتێکی جێی ســەرنجی لەمێژینەی بزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤــە. بەڵگەنامەکانی مافەکانی مرۆڤ بە بەردەوامی جەخــت لەوە دەکەنەوە کە هەموو مرۆڤــەکان بە ئافرەتان و ئەندامانی گرووپگەلــی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانیشــەوە مافی مرۆڤی یەکسانیان هەیە و دەبێ بتوانن بەبێ هەڵاواردن، لێیان بەهرەمەند ببن. مافی ڕزگاربوون لە هەڵاواردن بە شــێوەیەکی بەرچاو لــە جاڕنامەی جیهانی و پەیماننامەکانی دواتردا ئاماژەی پێ کراوە. بۆ نموونە پەیمانی مەدەنی و سیاسی هەموو دەوڵەتانی بەشداربوو پابەند دەکات کە بەبێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێک، لەوانە ڕەگەز، ڕەنگی پێست، زایەند، زمان، بۆچوون و بیروڕای سیاسی یان بیروڕای تــر، بنەچەی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، ســامان و دارایی، لەدایکبوون یاخود پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕێز

لــە مافەکانی گەلەکەیان بگرن و پارێزگاری لەو مافانە بکــەن (ماددەی ٢.١ی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان). سەبارەت بە مافەکانی کەمینەکان و گرووپەکان بڕوانە Kymlicka 1995.

کۆمەڵێک لە مافە مەدەنی و سیاسـییە سـتانداردەکان، لەوانە مافی ئازادیی ئەندامێتی و پێکهێنانی کۆمــەڵ و ڕێکخراوە، ئازادیی گردبوونەوە و خۆپێشــاندان، ئازادیی ئاییــن و ڕزگاربوون لە هەڵاواردن، بەتایبەتــی بۆ کەمینە نەتەوەیی و ئایینییــەکان پڕبایەخن. هەروەها بەڵگەنامەکانــی مافەکانی مرۆڤ ئەو مافانە لە خۆ دەگرن کە بەڕوونی ئاماژە بە کەمینەکان دەکەن و پارێزگاریی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکەن. بۆ نموونە پەیمانی مەدەنی و سیاســی لە ماددەی ٢٧ی خۆیدا دەڵێت کە کەسانی سەر بە کەمینە ئەتنیکی، ئایینــی یان زمانییەکان «نابێــت بە کۆمەڵ لەگەڵ ئەندامانی تری گرووپەکەیــان، لە مافی بەهرەمەندبوون لــە کولتوورەکەیان، ڕاگەیاندن و مومارەســەی ئایینەکەیان یاخود کەڵکوەرگرتن لــە زمانەکەیان بێبەش بکردرێن.» (ماددەی ٢٧ی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان)

فێمینیســتەکان زۆربــەی کات ناڕەزاییــان دەربڕیوە کە لیســتە ســتانداردەکانی مافەکانی مرۆڤ بە گوێرەی پێویست ئەو مەترســی و هەڕەشــە تایبەتانەی بەرەوڕووی ئافرەتان دەبنەوە لەبەرچاو ناگرن. بۆ نموونە پرســگرێکەکانی وەکوو توندوتیژیی خێزانی، ئازادیی هەڵبژاردن لــە زاوزێدا و هەروەها قاچاخ و بازەرگانیکــردن بە ئافرەتان و کچان بۆ کاری سێکســی، شــوێنێکی دیاری لــە بەڵگەنامە و پەیماننامە سەرەتاییەکانی مافەکانی مرۆڤدا نەبووە. لیستەکانی مافەکانی مرۆڤ «بۆ لەخۆگرتنی پرسی سووکایەتی و توندوتیژی دژی ئافرەتان» پێویستە پەرەیان پێ بدرێت و بەرفرە بکرێنەوە (Bunch 2006؛ هەروەها بڕوانە Okin 1998). پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی ئافرەتان زۆربەی کات لە چوارچێوەی «سنووری خۆییدا» ڕوو دەدات، واتە لەماڵەوە و بە دەستی ئەندامانی تری خێزانەکە. ئەم ڕاستییە دەری دەخات کە ناکرێت حکوومەتەکان وەک تەنیا ڕاســپاردەکراوی مافەکانی مرۆڤ ببینین و هەروەها ئەوەی کە پێویســتە مافی سنووری کەسی لە چوارچێوەی ماڵ و خێزاندا بە جۆرێک هەموار بکرێتەوە و کۆمەڵە مەرج و بەندێک بخرێتە پاڵی کە ڕێگە بە پۆلیس بدات لە چوارچێوەی ماڵدا پارێزگاری لە ئافرەتان بکات.

ئەو پرســگرێکە کە چلۆن داڕشتنەکانی مافەکانی مرۆڤ دەبێ وەڵامدەری گۆڕانکارییەکان لە جۆر و فۆرمەکانی ئەو هەڕەشــە و مەترســییانە بن کە بــەرەوڕوو خەڵکانی جیاواز دەبنــەوە کارێکی قورس و ئەستەمە و نەتەنێ لە پەیوەندی لەگەڵ جێندەر بەڵکوو بە هەمان شێوە لە پەیوەندی لەگەڵ تەمەن، ڕەگەز، ئاراســتەی سێکسی، پیشە، گرێدراویی سیاســی، ئایین، و هۆگری و حەزە کەسییەکانیشدا دێتە ئاراوە. بۆ

نموونه مافەکانی ڕێکاری یاسـایی زۆرتر لەوەی کە بۆ بەساڵاچووان و کەسانی بەتەمەن بەسوود بێت بۆ گەنجان (و بەتایبەتی پیاوانی گەنج) کەڵکی هەیە، چونکە ئەگەری ئەوەی کە بەساڵاچووان لە سەرپێچی لە یاسای تاوان بگلێن زۆر لاوازترە.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە سـاڵی ١٩٦٤ەوە لە ڕێگەی کۆمەڵێک پەیماننامەی تایبەتمەندەوە وەکوو کۆنڤانسـیۆنی نێودەوڵەتیی نەهێشـتنی هەموو جۆرەکانی جیـاکاری و هەڵاواردنی ڕەگـەزی (١٩٦٥)؛ کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری و هەڵاواردن بەرامبەر ئافرەتان (١٩٧٩)؛ کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵان (١٩٨٩) و کۆنڤانسیۆنی مافەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان (٢٠٠٧)، بە شێوەیەکی سەرەکی سەروکاری لەگەڵ مافەکانی ئافرەتان و کەمینەکان هەبووە و پەرژاوەتە سەری. هەروەها دەتوانن سـەیری جاڕنامەی مافەکانی گەلانی ڕەسـەن (٢٠٠٧) بکەن. ئەو پەیماننامـە تایبەتمەندانە ڕێگەیان بۆ نۆرمە نێودەوڵەتییەکان خۆش کردووە کە بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتە تایبەتەکانی گرووپگەلی تایبەت بکـەن و بە دەمیانەوە بچن، کە بـۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە هـاوکاری و چاودێری لە ماوەی دووگیانی و بەدونیاهێنانی منداڵ لە دۆسـیەی ئافرەتان، پرسەکانی پەیوەسـت بە سەرپرشتی لە دۆسیەی منداڵان و لەدەستدانی خاکی مێژوویی لە دۆسیەی گەلانی ڕەسەن بکەین.

گرووپـە کەمینەکان زۆرجـار دەبنە ئامانجی توندوتیـژی. پێودانگەکانی مافەکانی مـرۆڤ داوا لە حکوومەتەکان دەکەن کە خۆیان لەم چەشـنە توندوتیژییە ببوێرن و ڕێوشـوێنی پێویست بۆ دابینکردنی پارێـزگاری دژی ئـەم توندوتیژییە بگرنە بەر. ئـەم کارە تا ڕادەیەک لە ڕێگەی مافـی ژیان کە مافێکی تاکەکەسـیی ستانداردە ئەنجام دەگیرێت. هەروەها ڕێگەیەکی تر بۆ ئەم مەبەستە مافی دژی جینۆسایدە کە گرووپەکان لە هەمبەر هەوڵەکان بۆ لەناوبردن و کوشتن و بڕینیان دەپارێزێت. کۆنڤانسیۆنی جینۆساید یەک لـە یەکەمین پەیماننامەکانی مافەکانی مـرۆڤ لە دوای جەنگی جیهانیـی دووەم بوو. مافی دژی جینۆسـاید بەڕوونی مافێکی گرووپییە. هەم تاکەکان و هەم گرووپەکان خاوەن و هەڵگری ئەو مافەن و وەک گرووپ پارێزگاری لە گرووپـەکان دەکات. ئەو مافە لەو ڕووەوە کە حکوومەتەکان و دەزگاکانی تـر پابەند دەکات کە خۆیان لە لەناوبردنـی گرووپەکان بەدوور بگرن، تا ڕادەیەکی زۆر سـەلبییە؛ بەڵام هەروەها ئەو پێویسـتییە دێنێتە ئاراوە کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی پارێزگاریی یاسایی و پارێزگاریی تر لە دژی جینۆساید ساز و دابین بکردرێت.

گەلۆ مافی دژی جینۆسـاید وەک مافێکی گرووپی دەتوانێت مافێکی مرۆڤ بێت؟ بە شـێوەیەکی

گشــتیتر، ئاخۆ مافێکی گرووپی دەتوانێت لەگەڵ بیرۆکەی گشتیی مافەکانی مرۆڤ وەک کۆمەڵە مافی تاکەکەســەکان کە پێشــتر خرابووە ڕوو بگونجێت؟ ئەگەر تێگەیشــتنمان لەو بابەتە کــە کێ دەتوانێت هەڵگــری مافەکانی مرۆڤ بێت بە جۆرێک بەرفراوان بکەینەوە کە ئەو گرووپە گرنگانەش بگرێتەوە کە مرۆڤ پێکی هێناون و بەرزیان ڕادەگرێت ئەوا ئەو شــتە مەیسەرە (بڕوانە وتاری «مافەکانی گرووپەکان» لە ئینســایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرددا). کاتێک ئەمە لەبەرچاو بگرین کە سوودمەندانی مافی دژی جینۆساید ئەو تاکانەن کە لە ئەنجامی ئەو مافەدا لە ئاسایش و پارێزراویی زۆرتر لە بەرامبەر هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی ئەو گرووپەی کە سەر بەون بەهرەمەند دەبن، ئەوا ڕەنگە زۆرتر ئەو کارە بە هەنگاوێکی بەجێ بزانین (Kymlicka 1989).

## ٤.٣. مافە نوێیەکانی مرۆڤ

ئەگەرچی لیســتە هاوچەرخەکانی مافەکانی مرۆڤ هەر ئێســتاش دوورودرێژن و زۆر ماف لە خۆ دەگرن، بەڵام هێشــتاش کۆمەڵە پێودانگێک هەن کە بەبێ هیچ گومانێک دەبێ بە مافی مرۆڤ لە قەڵەم بدرێن، لە کاتێکدا کە بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا وەک مافی مرۆڤ دانیان پێدا نەنراوە. جگە لەوەش، گەلێــک بوار هەیە کە تێیدا خۆشــبژێوی، کەرامــەت و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی مــرۆڤ لە ئاکامی کۆمەڵێک هەنگاو یاخود کەمتەرخەمیی تاکەکان و حکوومەتەکان دەکەونە بەر مەترســی و هەڕەشەوە. تەکنۆلۆژیا نوێیەکان کێشــە و گرفتی نوێیان هێناوەتە ئاراوە و ئەو پێویســتییە هەست پێ دەکردرێت کە جارێکی تر بیر لە چارەسەرە کۆنەکان بکەینەوە.

ئەو بابەتە بەرچاوانەی لەم دواییانەدا پێشــنیار کراون کە وەک مافی نوێی مرۆڤ بناسرێن بریتین لە: داکۆکیی کیمبەرلی براونلی لە مافێک دژی بێبەریبوونی کۆمەڵایەتی کە بە دەم کێشــەی تەنیایی قورسی نەخوازراوەوە دەچێت (Brownlee 2020 and 2022)، پێشنیاری مافێکی گشتگیر بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت کە لە ساڵی ٢٠١٦دا لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کرا (بڕیارنامەی ٣٢/١٣ی نەتەوە یەکگرتووەکان)، و پەسندکردنێکی هاوشێوە لە ساڵی ٢٠٢٢دا بۆ مافی هەبوونی ژینگەیەکی پاک، تەندروست و سەقامگیر (بڕیارنامەی ٧٦/٣٠٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ هەروەها بڕوانە وتاری «ئەخلاقی ژینگەیی» لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرددا).

مافی بەهرەمەندبوون لە ژینگەیەکی تەندروســت نموونەیەکی باشە کە ببینین چلۆن مافە نوێیەکانی

مرۆڤ دەتوانن هێدی هێدی سەر هەڵبدەن و دەربکەون. دوای ئەوەی مافێکی لەم چەشنە چووە ناو زۆرێک لە مەنشوورە نەتەوەییەکانی مافەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی بواری ژینگە دەستیان بە بەرەودان بەو مافە لەناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا کرد. لە ساڵی ٢٠٠٠دا مەنشووری مافەکانی یەکێتیی ئەورووپا کە بە مەنشووری مافە بنەڕەتییەکانی یەکێتیی ئەورووپا ناوی دەرکردووە، لە ماددەی ٣٧ی خۆیدا پێودانگی پاراستنی ژینگەی جێ کردەوە: «دەبێ ئاستێکی بەرزی پاراستنی ژینگە و پێشخستن و باشترکردنی کوالیتیی ژینگە بخرێتە ناو سیاسەتەکانی یەکێتیی ئەورووپا و بە گوێرەی بنەمای پەرەسەندنی بەردەوام مسۆگەر بکردرێت.»

ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٢دا ڕاپۆرتدەرێکی تایبەتی (پسپۆرێکی سەربەخۆ) لەسەر ژینگە پێک هێنا و لە کۆتاییدا مافی بەهرەمەندبوون لە «ژینگەیەکی پاک، تەندروست و سەقامگیر»ی پەسند کرد و ڕەوانەی کۆڕی گشتیی کرد -کە لەوێدا ٨٠لەسەدی وڵاتانی جیهان دەنگیان پێ دا (بڕیارنامەی ٧٦/٣٠٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان). هەروەها لە دەیەکانی ڕابردوودا ڕێبازەکانی مافی مرۆڤ لە هەمبەر گۆڕانی کەشوهەوادا گەشەی سەندووە (بڕوانە ;Bodansky 2009; Caney 2009 .(Gardiner 2013; and Vanderheiden 2008

نیگەرانییەکان سەبارەت بە تەشەنە و زۆربوونی مافەکانی مرۆڤ نەڕەویونەوە. پارێزەران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کۆمەڵێک ستاندارد و پێوەریان بۆ سنووردارکردنی داڕشتن و هێنانەئارای مافی نوێی مرۆڤ پێشنیاز کردووە (بۆ نموونە Alston 1984 و کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٨٦). و داڕشتن و پێکهێنانی پەیماننامەی نوێی مافەکانی مرۆڤ خاو بووەتەوە. دوای پەسندکردنی پەیڕەوی ڕۆمای تایبەت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٩دا، تاکە پەیماننامەیەکی مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە و دانی پێدا نراوە کۆنڤانسیۆنی ٢٠٠٦ی مافەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا ڕاگەیەندراوێک (نەک پەیماننامە) لەسەر مافەکانی گەلانی ڕەسەن لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کرا. هەروەها فەیلەسووفگەلێکی دیار هەن کە داکۆکییان لە لیستەی بچووکتری مافەکانی مرۆڤ کردووە (بۆ نموونە بڕوانە Cranston 1967 and 1973; Rawls 1999; and Griffin 2008). گریفین هەروەها دژی پەستاوتن و بە زۆری جێکردنەوەی ناوەرۆکی نوێ لەناو مافەکانی هەنووکەی مرۆڤ بوو -کە بە «بەپێزدانکردن»ی مافەکان وەسفی دەکرد.

## ٤. مافە جیهانییەکانی مرۆڤ لە جیهانێکی تەژی لە بیروباوەڕ و ڕەوتی فرەچەشندا

دوو نیگەرانیی ناسراوی فەلسەفی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ هەیە کە یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو مافانە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بیروباوەڕ، نێرین و هەڵوێست هاتوونەتە کایەوە کە لەڕووی کولتوورییەوە ڕێژەیین و ئەوەی تریان ئەوەیە کە بەدیهاتن و داکۆکیکردن لەو مافانە لە ئەتنیک-تەوەری تێوە دەگلێت. مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵە ستانداردێکی گشتگیر لە بوارەکانی وەک ئاسایش، جێبەجێکردنی یاسا، یەکسانی، بەشداریی سیاسی و پەروەردە دیاری دەکەن. بەڵام گەلان و وڵاتانی هەسارەی زەوی لە ڕەوت، نەریت، ئایین و ئاستی گەشەی ئابووری و سیاسییاندا جیاوازییەکی زۆریان هەیە. دانانی ئەم دوو ڕستەیە لە لای یەک ڕەنگە بۆ پاساودانی ئەو نیگەرانییە بەس بێت کە مافە جیهانییەکانی مرۆڤ بە ڕادەی پێویست جێگە و پێگەیان بە فرەچەشنیی گەلانی زەوی نەداوە و ڕەچاویان نەکردووە. ڕەهەندێکی دەرکەوتنی تیۆریی ئەم نیگەرانییە «ڕێژەییگەراییە»، کە بەپێی ئەو ئایدیایە ستاندارد و پێوەرە ئەخلاقی، سیاسی و یاساییەکان تەنیا بە نیسبەت و بە گوێرەی نەریتەکان، بیروباوەڕەکان و هەلومەرجەکانی وڵات، کولتوور یان ناوچەیەکی دیاریکراو دەتوانن دروست یان پاساودراو بن (بڕوانە وتاری «ڕێژەییگەرایی ئەخلاقی» لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیی ستانفۆرددا).

لە ماوەی نووسین و داڕشتنی جاڕنامەی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٧دا، دەستەی جێبەجێکاری کۆمەڵەی مرۆڤناسیی ئەمریکا ("AAA") سەبارەت بەو مەترسییە هۆشداریی دا کە ئەو جاڕنامەیە «بەیاننامەیەک دەبێت کە ئەو مافانەی ناوی تەنیا لەسەر بنەمای بەها باوەکانی ئەورووپای ڕۆژاوا و ئەمریکا تێگەیشتن و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت». نیگەرانیی سەرەکیی دەستەی کۆمەڵەی مرۆڤناسیی ئەمریکا لەو قۆناغەدا کە ڕێک دوای جەنگی جیهانیی دووەم بوو، ئیدانەکردنی هەڵوێست و بۆچوونە کۆلۆنیالیستییە دەمارگرژ و بیرتەسکەکانی ئەو سەردەمە و داکۆکی لە چارەیخۆنووسینی کولتووری و سیاسی بوو. بەڵام هەروەها ئەو دەستەیە جەختی زۆرتری لەسەر ئەوە کردەوە کە «ستانداردەکان و بەهاکان بە نیسبەت و بە گوێرەی ئەو کولتوورەن کە لێیەوە هاتوون و سەرچاوەیان لێیەوە گرتووە»، کەواتە «دەکرێت ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا بە مافێکی مرۆڤ دادەنرێت، لە لای گەلێکی دیکە بە بابەتێکی دژەکۆمەڵ لە قەڵەم بدرێت» (کۆمەڵەی مرۆڤناسیی ئەمریکا ١٩٤٧).

ئەم چەشنە لێکدانەوە و جەختکردنەوانە بەردەوام بوون تا ڕادەیەک کە پەرەیان بەو تۆمەت و سەرکۆنەکردنە داوە کە مافەکانی مرۆڤ ئامرازی ئەتنیک-تەوەری، ئیستکبار، و ئیمپریالیزمی کولتوورین

(Renteln 1990). ئەتنیک-تــەوەری ئــەو گریمانــە و خەیاڵەیــە کە زۆربەی کات نادانســتە پێی وایە «گرووپی مرۆڤ خۆی ناوەند و چەقی هەموو شتێکە» و بیروباوەڕ، ڕەوت و نۆرمەکانی، کۆمەڵە ستاندارد و پێوەرێک دەدەن بە دەســتەوە کە دەکرێت بە گوێرەیان گرووپەکانی تر «بپێورێن و هەڵسەنگێندرێن» (Sumner 1906؛ هەروەها بڕوانە Etinson 2018a کە پێی وایە کاتێک دەتوانین بە باشــی لە ئەتنیک-تــەوەری تێبگەین کە وەک چەشــنێک دەمارگرژی و لاگیریی کولتووری ســەیری بکەین نەک وەک باوەڕمەندی بە ســەرتربوونی کولتووری). ئەتنیک-تەوەری لە پەیوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتان، سیســتەمە ئەخلاقییەکان و ئایینەکانی تردا بەرزەدەماخی، بیرتەســکی و دەمارگرژیی لێ دەکەوێتەوە. لە ئەنجامدا، ئیمپریالیزمی کولتووری کاتێک پێش دێت کە ئەو وڵاتانەی لەڕووی ئابووری، تەکنۆلۆژیا و سەربازییەوە بەهێزترینن، بیروباوەڕ، بەها و دامەزراوەکانیان بەسەر شوێنەکانی تری جیهاندا دەسەپێنن (بۆ خوێندنەوەی باس و ڕاڤەیەکی بەسوود لەسەر چەند نیگەرانییەکی پەیوەست بە هێز و دەسەڵات لە بابەتی مافەکانی مرۆڤدا بڕوانە Gilabert 2018a).

هەروەک لە بابەتی دەستەی جێبەجێکاری کۆمەڵەی مرۆڤناسیی ئەمریکادا بینیمان، ڕێژەییگەرایان زۆرجار لەگەڵ ئەو هێرش و سەرکۆنەکردنانە، باسی ڕێگەچارەیەکیش دەکەن کە دەڵێت کە سنگفراوانی و پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ ڕەوت و نەریتە فرەچەشــن و جیاوازەکان دەبێ لە ڕێگەی کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێوشــوێن کە فێربوونی بەربڵاو سەبارەت بە کولتوورەکانی دیکە بەشێکیەتی، بخزێندرێتە ناو خەڵک و جێگیر و مومارەسە بکردرێت. ئەو بیرۆکەیە کە ڕێژەییگەرایی و بەرکەوتن لەگەڵ کولتوورەکانی دیکە ســنگفراوانی بەرەو پێش دەبات و پەرەی پێ دەدات لەوانەیە لە گۆشــەنیگایەکی دەروونناسییەوە ڕاست بێــت. ئەو گەلانەی لە ئاســت جیاوازیی بیروبــاوەڕ، ڕەوت و نەریتەکان کــراوەن و ئەوانەی لە هۆکار و بەســتێنەکانی پەرەپێدان و بەربڵاوکردنەوەی نۆرمەکان بۆ ئەوپەڕی سنوورەکان بەگومانن، دەشێ زۆرتر لەوانەی بڕوایان بە ئەخلاقێکی جیهانیی ئۆبژێکتیڤ هەیە، لە ئاست وڵاتان و گەلانی تر سنگفراوان بن. ســەرەڕای ئەمەش، فەیلەسووفان بە شــێوەیەکی گشــتی ئەو هەوڵانەی لە ڕێژەییگەراییەوە بەڵگاندن بۆ ڕێگەچارەی سنگفراوانی دەکەن بەرەوڕووی ڕەخنەکانیان کردووەتەوە (بڕوانە [1993] Williams 1972 و Talbott 2005). ئەگەر کولتوور و ئایینی وڵاتێک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەڵســەوکەوت، تێڕوانین و ڕەوتی بیرتەســکانە و دەمارگرژانەی چاندبێت و بەهێزی کردبێت، و ئەگەر هاووڵاتییان و بەرپرســان و کاربەدەســتانی ئەو وڵاتە بە دەمارگرژی و بیرتەســکی لەگەڵ خەڵکانی ســەر بە وڵاتانی تر بجووڵێنەوە، ئەوا ئەوان لە ڕاســتیدا تەنیا نەریتەکان و نۆرمــە کولتوورییەکانی خۆیان ڕەچاو و پەیڕەو دەکەن. بەم پێیە،

ڕێژەییگەرایەکی خەڵکی وڵاتێک بە ئاستێکی بەرزی سنگفراوانی و پێکەوەهەڵکردن ئەستەمە بتوانێت بنەمایـەک بۆ ڕەخنەگرتن لە هاووڵاتییان و کاربەدەسـتانی وڵاتێکی دەمارگرژ و بیرتەسـک بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەو کەسـە ڕێژەییگەرایە پێویستە پشتگیریی بنەواشـە و پرەنسیپێکی سەرووکولتووریی پێکەوەهەڵکـردن بکات و وەک گۆڕانکارییەکی کولتووریی دەرەکی بە ئاراسـتەی بەهێزکردنی ڕادەی سنگفراوانی و پێکەوەهەڵکردن داکۆکیی لێ بکات. لەبەر هەندێ، ئەو ڕێژەییگەرایانەی بەقووڵی پابەندی پێکەوەهەڵکردنن دەشێ ببن بە هۆگری پابەندییەکی مەرجدار بە مافەکانی مرۆڤ و بۆ لای ڕابکێشرێن.

ڕەنگە هەر بەم هۆکارانەش بێت کە ئەمڕۆکە ڕێژەییگەرایی هەڵوێسـتی زۆربەی مرۆڤناسـان نییە. لە ئێسـتادا کۆمەڵەی مرۆڤناسـیی ئەمریکا لیژنەیەکی ناوەندیی هەیە کە ئامانجەکانی بریتین لە پێشخستن و پاراسـتن و پەرەپێدانی گۆشـەنیگا و تێڕوانینێکی مرۆڤناسـانە بۆ مافەکانی مرۆڤ. مرۆڤناسان گەرچی هێشـتاش جەخت لە گرنگیی جیاوازییە کولتوورییەکان دەکەنەوە، بەڵام لە ئێسـتادا زۆرتر پشـتگیریی پاراسـتنی کولتووره مەترسیلەسەر و لاوازەکان، نەهێشـتنی هەڵاواردن، و ماف و ئیدعای خاکی گەلانی ڕەسـەن دەکەن (بڕوانەی بەیاننامەی ساڵی ٢٠٢٠ی کۆمەڵەی مرۆڤناسـیی ئەمریکا لەسەر مرۆڤناسی و مافەکانی مرۆڤ).

لەوانەیە ململانێی نێوان ڕێژەییگەرایان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ بەشـێکی لەسـەر بنەمای جیاوازییەکان لە بیروباوەڕە فەلسـەفییە بنچینەییەکانیان و بەتایبەتی لە میتائەخلاقیان بێت. ڕێژەییگەرایان زۆربەی کات سابجێکتیڤیسـت یاخود ناناسیاریگەران و بە جۆرێک لە ئەخلاق دەڕوانن کە بەتەواوەتی سـازکراو و گواسـتراوەی کۆمەڵایەتییە. لە بەرامبەردا، داکۆکیکارانی مافەکانی مـرۆڤ کە تێڕوانینێکی فەلسەفییان هەیە زۆرتر لایەنگر و هۆگری ناسیاریگەرایی، ڕیالیزمی ئەخلاقی و شهوودگەرایین و ئەوانە دەکەنە پێشگریمانەی لێکدانەوەکانیان.

وەک لە بەیاننامەی سـاڵی ١٩٤٧ی کۆمەڵەی مرۆڤناسیی ئەمریکادا دەردەکەوێت، گونجان لەگەڵ فرەچەشنی بووەتە نیگەرانییەک کە سیستەمی هاوچەرخی مافەکانی مرۆڤ هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەگەڵی بەرەوڕوو بووە. وەک بەشـێک لە لێکۆڵینەوەی یوونیسکۆ لە بنەمای تیۆریی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵانی ٤٧-١٩٤٦دا، فەیلەسووفی فەرەنسی، ژاک ماریتان پێشنیاری ئەوەی کرد کە ڕێککەوتنی جیهانی لەسـەر مافەکانی مرۆڤ تەنیا کاتێک مەیسەر دەبێت کە پرسـیارەکانی پەیوەست بە پاساودانی بنەڕەتی پشتگوێ بخرێن و گوێیان پێ نەدرێت: «بەڵێ... ئێمە سەبارەت بە مافەکان هاوڕاین بەڵام تەنیا بە مەرجێک

کەس لێمان نەپرسێت بۆچی» (Maritain 1949: 9). مەنشووری نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ کاتێک لە پێشەکیی هەردوو پەیمانە سەرەکییەکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەم مافانە لە کەرامەتی زاتیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن»، پێدەچێت ئەم قەدەغەکردن و بەربەستەی بەردەم پرسیارکردن پێشێل بکات. سەرەڕای ئەوەش، ئایدیای ماریتان دەنگدانەوەی گەورەی لە کارە فەلسەفییەکانی هاوچەرخدا هەیە (بڕوانە Taylor 1999)، لەوانە ئایدیای جۆن ڕاولزە کە دەڵێت مافەکانی مرۆڤ دەتوانن پاساوێکی لانیکەمیی گەلەمپەری یان «سیاسی»یان هەبێت کە دەکرێت لە بۆچوونگەلی جۆراوجۆری ئایینی، ئەخلاقی و فەلسەفیی «هەمەلایەنە»وە وەربگیردرێت (Rawls 1999; Beitz 2009). لە ڕاستیدا، هەندێک لەو باوەڕەدان کە پاساودانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ کەرامەتی مرۆیی دەبێ ڕێک بەم شێوازە هەمەلایەنە لێی تێبگەین (McCrudden 2008).

میتۆدێکی گرنگی تری گونجان لەگەڵ فرەچەشنی بریتییە لە داڕشتنی دەرهەستی پێودانگەکانی مافەکانی مرۆڤ کە ڕێگە بە هەندێک شێوازی جێبەجێکردن و پیادەکردنی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی دەدات کە فرەچەشنن و لە ئاست بەستێن و هەلومەرجدا کراوەن (بڕوانە Etinson 2013).
وەک لە بەشی یەکەمدا باس کرا، تێگەیشتنێکی میانەڕەوانە لە ئامانجەکانی مافەکانی مرۆڤ بوارێکی زۆرتر بۆ بڕیاردانی دیموکراتی لە ئاستی ناوخۆییدا و بۆ فرەچەشنیی کولتووری و سیاسی لە ئاستی جیهانی و سەرانسەری وڵاتاندا دەڕەخسێنێت (هەروەها بڕوانە چەمکی «پەراوێزی هەڵسەنگاندن» لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا، کە لە Letsas 2006 خراوەتە بەر باس). و شایەنی باسە دەوڵەتانی ئەندام لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ ئیزنپێدراون کە «تێبینی و سەرنجەکانی خۆیان بۆ پابەندنەبوون» پێشکەش بکەن بە جۆرێک کە کاریگەریی یاسایی ئەو بڕگە و دەروەستییانەی پەیماننامەکە کە بۆ ئەو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە، لە چوارچێوەیەکی سنووردار‌دا بگۆڕن. ئەم بابەتە دەرچەیەکی تر بەرەو فرەچەشنی و گونجانی یاسایی دەکاتەوە.

لە نەوەدەکاندا، لی کوان یوو، وەزیری باڵای سینگاپوور، و کەسانێکی تر ئەو بابەتەیان ورووژاند کە مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ وەک ئەوەی لە جاڕنامە و پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون، لە ئاست «بەهاگەلی ئاسیایی» جیاواز لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی، خەمسارد و کەمتەرخەمن. نموونەی ئەو بەهاگەلە بریتین لە: ڕێزلێنان و بەهادان بە خێزان و کۆمەڵگە (لە بەرامبەر تاکگەرایی تۆخ و پتەودا)؛ گرنگی و پێگەی بەرزتری هارمۆنی و هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی بە بەراورد لەگەڵ ئازادیی تاکەکەسیدا؛ ڕێزگرتن

لە ســـەرکردە و دامەزراوە سیاسییەکان؛ و جەختکردنەوە لە بەرپرسیارێتی، کاری قورس و دەستپێوەگرتن وەک ئامرازەکانی پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتی (بۆ زانیاریی زۆرتر لەسەر تاوتوێی بەهاگەلی ئاسیایی بڕوانە Bauer & Bell [eds] 1999; Bell 2000; and Sen 1997). لایەنگرانی بیرۆکەی بەهاگەلی ئاسیایی نەیاندەخواســت هەموو مافەکانی مرۆڤ هەڵبوەشــێننەوە؛ بەڵکوو ئامانجی ئەوان زۆرتر ئەوە بوو کە لە بایەخــی هەندێک لە تاقمەکانی مافەکانی مــرۆڤ، بەتایبەتی ئازادییە بنەڕەتییەکان و مافی بەشــداریی دیموکراتی (و لە هەندێک حاڵەتدا مافی ئافرەتان)، کەم بکەنەوە بە جۆرێک کە جەختێکی وایان لەسەر نەکردرێت. هەروەها دەیانویست حکوومەتەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ڕۆژئاوا واز لە ڕەخنەگرتن لێیان بەهۆی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لەو بوارانەدا بێنن.

لە کۆنفرانسی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ڤیەنا لە ساڵی ١٩٩٣دا، چەند وڵاتێکی وەک سینگاپوور، مالیزیا، چین و ئێران داوای ئەوەیان کرد کە لە ڕەوت و مومارەســەی مافەکانی مرۆڤدا بابەتی ســازگاری و ڕاهاتــن بۆ جیاوازییە کولتــووری و ئابوورییەکان ڕەچاو بکردرێت و بگیرێتە بــەر. نوێنەرانی ڕۆژئاوا هەڵوێســتی ئەو وڵاتانەیان بە بیانوویەک بۆ ســەرکوت و پاوانخوازی لە دەسەڵات دەزانی. کۆنفرانسەکە بە پەســندکردنی «ڕاگەیەندراوی ڤیەنا» وەڵامی ئەو بابەتەی دایەوە. لە مــاددەی ٥ی ئەو ڕاگەیەندراوەدا جەخــت لەوە کراوەتەوە کە وڵاتان نابێ لە نێوان مافەکانی مرۆڤدا دەســت بۆ هەڵبژاردن و گوڵبژێرکردن بەن:

> هەمــوو مافەکانی مرۆڤ جیهانداگر، کەرتنەکراو، ســەربەیەک، پێکبەســتراو و بەیەکەوە گرێدراون. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ لە ئاســتی جیهانیدا بە شــێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکســان، بە پێگە و هەلومەرجی یەکســان و بە جەخت و پێداگریی یەکســان مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ بکات. لە کاتێکدا کە گرنگیی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و ناوچەییەکان و پاشــخانە مێژوویی، کولتووری و ئایینییە جیاوازەکان پێویســتە لەبەرچاو بگیرێت، ئەرکی ســەر شــانی دەوڵەتانە کە بەبێ گوێدان بە سیستەمی سیاسی، ئابووری و کولتوورییــان، هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییــەکان پێش بخەن و برەویان پێ بدەن و بیانپارێزن.

لــەم چەند دەیەی ڕابــردوودا، لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا مافەکانی مــرۆڤ بە بەربڵاوی قبووڵ کراون. ســێ لەسەر چواری وڵاتانی جیهان پەیماننامە سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤیان پەسند کردووە و

